سەرۆک بارزانی لەیادی دووەمین ساڵەی ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان

لەم رۆژە پیرۆزەدا، سڵاو و ڕێز و پێزانینم هەیە بۆ هەموو ئەوانەی خۆیان نەچەماند و ناچەمێنن، دەست و چاوی هەموویان ماچ دەکەم

مسعود بارزانی
2019/9/25



تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5836) پێنج شەممە 26ی ئەیلوول 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

پەرلەمانی کوردستان کۆبۆوە و فراکسیۆنی پارتی پێشنیاز دەکات ڕۆژی ریفراندۆم بکرێتە ڕۆژی نیشتمانیی گەلی کوردستان

پێشنیوەڕێی دوێنێ چوارشەممە 2019/9/25 بە سەرۆکایەتیی د. ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و منی نبی قەهوەچی، سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە 2ی ئاساییی خولی پایزە بەڕێوەچوو.

بەرنامەی کاری دانیشتنەکە لە دوو خاڵ پێکهاتبوو، خاڵی یەکەمی تایبەت بوو بە وتەی سەرۆکی پەرلەمان بە بۆنەی ساڵیادی دووەمی پرسی سەربەخۆیی کوردستان (ریفراندۆم) کە لە 2017/9/25 لە هەرێمی کوردستان و سەرجەم ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ئەنجامدرا، خاڵی دووەم و کۆتایی بەرنامەی کاریش بریتی بوو لە خوێندنەوەی دووەمی هەمواری یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە پارێزگاری هەولێر دەکات




دوێنێ چوارشەممە 2019/9/25 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە فرسەت سۆفی پارێزگاری نوێی هەولێر کرد. لە دیدارەکەدا سەرۆک بارزانی پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی لە پارێزگاری تازەی هەولێر کرد، وێڕای دەربڕینی پشتیوانیی خۆی، هیوای سەرکەوتنی لە ئەرک و کارەکانیدا بۆ خواست.

لە ساڵیادی ریفراندۆمدا کتێبی وتاری سیاسی پوتین و بارزانی بڵاو دەکرێتەوە

5



سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ یاریدەدەری وەزیری گەنجینەی ئەمەریکا بۆ کاروباری نەهێشتنی پارەدارکردنی تیرۆر کۆبووەوە



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە جێگری فەرماندەی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق و سووریا دەکات



2

فازڵ میرانی: لەگەڵ یەکێتی پەیوەندییمان بەهێزە

لە گفتوگۆیەکی ژیار محەمەد لە بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا، فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان باس لە پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی دەکات، هەروەها لە تەوەری دووەمیشدا باس لە بۆچوونی خۆی دەکات لەبارەی پێکهێنانی ئەنجوومەنێک بۆ لایەنە سیاسییەکان. بەرژەوەندی هەردوولامان و کوردستان و خوێنی شەهیدەکانمان لە ئێمەی ئەشخاس گرنگترە جا ئێمە ئەندامی مەکتەبی سیاسین یا هەر پۆستێک، باران دیدەن ئەم دوو حزبە بە هەوریەکی بەهاران تەڕنابین. لە سەرەتای وتوێژەکەدا فازڵ میرانی لەبارەی پەیوەندییەکانی پارتی و یەکێتی لە ئێستادا دەڵێت: ئێمەی کورد بە گشتی و ئەو دوو حزبە بەتایبەتی پارتی و یەکێتی نابێت بە میزاج و کردار و پەرچەکردار سیاسەت بکەین، ناشبێت بەشێوەی نەوەدەکان ببر بکەینەوە و مامەڵە لەگەڵ یەکتردا بکەین، لایەنێکی تر ئەوەیە هەرچەندە من لێرە نەبووم، لە سەرەتای رووداوەکان.

ئێخ جەعفەر: حەشدی شەعبی لەبەر یادکردنەوەی ریفراندۆم خانەقینیان کردووەتە سەربازگە

4

بەرپرسی لقی 15ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە خانەقین گوتی، لە ترسی ئەوەی خەڵکی خانەقین چالاکی بۆ یادی ریفراندۆم ئەنجام بدەن، حەشدی شەعبی بە هێزێکی زۆر.

ریفراندۆمی سەربەخۆیی دۆکیومێنتێکی زیندووە و هەرگیز نامرێت

5

دوو ساڵ بەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆییدا تێدەپەڕێت و سیاسەتوانانی هەرێمی کوردستانیش پێیانوایە، خەڵکی کوردستان توانی لە 25ی ئەیلوولدا بڕیار لەبارەی پاشەڕۆژی خۆیانەوە بدەن. هاوکات کەسایەتییەکی سیاسیی هەرێمی کوردستانیش جەخت لەوە دەکاتەوە، هێشتا ریفراندۆمی خەڵکی کوردستان هێز و توانستی خۆی ماوە و دەڵێت.

فازڵ میرانی: لەگەڵ یەکێتی پەیوەندییمان بەهێزە جەنابی سەرۆک بارزانی پێویستی بە پۆست نییە



لە گفتوگۆیەکی ژیار محەمەد لە بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا، فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان باس لە پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی دەکات، هەروەها لە تەوەری دووەمیشدا باس لە بۆچوونی خۆی دەکات لەبارەی پێکهێنانی ئەنجوومەنێک بۆ لایەنە سیاسییەکان. بەرژەوەندی هەردوولامان و کوردستان و خوێنی شەهیدەکانمان لە ئێمەی ئەشخاس گرنگترە جا ئێمە ئەندامی مەکتەبی سیاسین یا هەر پۆستێک، باران دیدەن ئەم دوو حزبە بە هەورێکی بەهاران تەڕنابین.

لە سەرەتای وتوێژەکەدا فازڵ میرانی لەبارەی پەیوەندییەکانی پارتی و یەکێتی لە ئێستادا دەڵێت: ئێمەی کورد بە گشتی و ئەو دوو حزبە بەتایبەتی پارتی و یەکێتی نابێت بە میزاج و کردار و پەرچەکردار سیاسەت بکەین، ناشبێت بەشێوەی نەوەدەکان بیر بکەینەوە و مامەڵە لەگەڵ یەکتردا بکەین، لایەنێکی تر ئەوەیە هەرچەندە من لێرە نەبووم، لە سەرەتای رووداوەکان، بەڵام لەگەڵ وشەی رێگرتن نیم لە مەحمود سەنگاوی، بەڵکوو ئەوەی من ئاگادارم دەڵێن کاک مەحمود تەحەمولی نەکردووە تا پەیوەندییەک بکرێت، گوایە قافڵەیەکی زۆری ئۆتۆمبێلی لەگەڵ بووە، راستە کاک مەحمود پێشتر هەندێک قسەی کردبوو ئێمە هەموومان پێی ناڕەحەت بووین بەندەش یەکێک بوو لەوانەی پێی ناڕەحەت بوو، بەڵام بەرژەوەندی هەردوولامان و کوردستان و خوێنی شەهیدەکانمان لە ئێمەی ئەشخاس گرنگترە جا ئێمە ئەندامی مەکتەبی سیاسین یا هەر پۆستێک.

میرانی ئەوەشی گوت لە راگەیاندنەکانەوە گوێم لێ بووە، گوایە یەکێتی لە حکوومەت دەکشێتەوە یا شەڕی براکوژی دەستپێدەکاتەوە، یا هەندێک نەفام و کاڵفام کە ڕەنگە دەستی خەڵکی تری تێدابێت تەقەیان لە بارەگای لقی چوار لە سلێمانی کرد و تەقەیان لە کۆمیتەیەکی یەکێتی کرد لە هەولێر کە خۆشبەختانە هەردوولایان گیراون، جا ئەمانە هیچ بنەمایەکی نییە، چونکە پارتی و یەکێتی ئەزموون دیدەن و بەرپرسیارێتی لەوە گەورەتریان لەسەر شانە وەشتێکی گەورەیان بەدەستهێناوە، ئەمڕۆ کە فیدرالی کوردستانە، لەبەر ئەوە وەک کوردەواری دەڵێ باران دیدەن ئەم دوو حزبە بە هەورێکی بەهاران تەڕنابن، واتە پەیوەندییمان ئەوەندە بەهێزە بە شتێکی وا تێکناچێت، لەناو هەردوو حزبدا بە موتلەقی قسە ناکەم کەسانی ماندوو لە سەرکردایەتیی هەن کە لە دوای شەهیدەکان ئەم ئەزموونە بەڕەنجی خەباتی خۆی دەزانێت، بۆیە وا بە ئاسانی بە شتێکی وا بچووک تێکی نادەن بچنەوە رووداوێکی گەورە.

کەواتە ئاستی پەیوەندییەکانتان ئێستا لە چ ئاستێکدایە؟

فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا گوتی: پەیوەندییەکانی ئێمە لە ئێستادا پاش نامە و نامە ئالوگۆڕکردن بەرە و ئارامی چووە، برادەرانی یەکێتیش هەندێک لای خۆیانەوە هەوڵیان دا و ئێمەش هەوڵماندا لای خۆمانەوە و ئەو هەوڵە هاوبەشانەش بووە هۆی ئەوەی ئێمە سەردانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیمان کرد لە هەولێر و لە جەوێکی خوشک و برایانە کە لای ئەوانەوە شاندەکەیان خوشکی تێدابوو، لە کەشێکی خوشک و برایانەدا دانیشتین ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە کۆبوونەوەی فەرمی تر ئەنجام بدرێت، راستە ئێمە خاڵی جیاوازیمان لە زۆر مەسەلەدا هەیە بەڵام خاڵی هاوبەشمان ئێجگار زۆرە دەکرێت جیاوازیمان هەبێت، بەڵام دەبێت کۆبینەوە و ناکرێت لەبەر ئەوەی جیاوازیمان هەیە کۆنەبینەوە.

دژی زۆنی زەرد و سەوزین

سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەشی گوت لە ڕاستیدا ئێمە خۆمان دژی زۆنی زەرد و سەوزین و پێمان باشە زۆنەکان بکەینە یەک و ببێتە زۆنێکی زەیتوونی کوردستانی بۆ هەموو کوردستان، چونکە بەرنامەی هەڵبژاردنی ئێمە ئەوەبوو کە حکوومەتێکی بەهێز لە کوردستانێکی بەهێزدا بێت، ئێمە پێمان باشە حکوومەت حکوومەتێتی خۆی بکات و حزبەکان پشتیوانی بکەن، هەر بۆ نموونە دراوی 10 یۆرۆی لە ئەورووپا هەیە مقەستێکی لێبدە نیوەی بدە بە یەکێتی و نیوەی بدە بە پارتی پارتی ناتوانێت ئەو نیوەیەی خۆی بکاتە پێنج یۆرۆ و یەکێتیش ناتوانێت ئەو نیوەیەی خۆی بکاتە پێنج یۆرۆ، بەڵکو دەبێت هەردووکیان پێکەوە بنووسێن، ئینجا نرخی خۆی بەدەست دەهێنێتەوە، جا ئەمە نموونەیەکە بۆ کوردستان، یا هەر وڵاتێکی تر، بە یەکگرتوویی، بۆیە کوردستانیش وایە ئەگەر پێکەوە نەنوسێنین یەک کوردستان بێت، نرخە ئەسڵییەکەی خۆی نابێت و ئەو نرخەی نابێت کە هەزاران شەهیدمان دا، بەتایبەت ئەم دوو حزبە شەهیدی زۆریان دا، ئێمە هەر چواردەورمان ئاگرە بە هەرلایەکدا با بێت ئاگرەکە بەر ئێمە دەکەوێت، بۆ بەدبەختی ئێمە با-یەکە بەو جۆرە نایەت کە ئاگرەکە لە ئێمە دوور بخاتەوە.

دژی دروستکردنی ئەنجومەنێک نین بۆ حزبەکان

سەبارەت بە بۆچوونی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئەنجوومەنێک بۆ لایەنە سیاسییەکان، فازڵ میرانی دەڵێت: بۆچوونی فەرمی ئێمەش پێویستی بە گفتوگۆکردن هەیە لە سەرکردایەتی کە هێشتا گفتوگۆمان نەکردووە، لەوبارەیەوە، بەڵام ئێمە من حیث مبدا) دژی دروستکردنی ئەو ئەنجوومەنە نین، چونکە ئەزموونێکی پێشتر هەبوو کە ئەسڵی پێشنیارەکە لە برایانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانەوە بوو، هەموو حزبەکان ڕەزامەندبووین و کاریشی بۆکرا، خودی مامۆستا سەلاحەدین بەهائەدین کاری بۆی کرد و لە کۆبوونەوەیەکدا بۆی شیکردینەوە، دەمەوێت ئەوەش بڵێم ئەم ئەنجوومەنە هەرگیز بەدیلی پەرلەمان و حکوومەت و سەرۆکایەتیی هەرێم نییە لە هەموو دنیادا ئەم ئەنجوومەنانە هەن ئەمە بۆ بابەتی ستراتیژییە شەخسی یەکەمی حزبەکان دادەنیشن کە ڕاسپاردەیەک بدەنە سەرۆکایەتیی حکوومەت و هەرێم و پەرلەمان، ئەوە بەهێزکردنی ئەم حکوومەتەیە ناتوانێت بڕیار بدات، هەندێک توانج هەیە کە دەڵێن سوودی چییە کە بڕیار نەدات؟ وەڵام ئەوەیە خۆ هیچ قازانجی نەبێت ئەو قازانجە گرنگەی هەیە کە بەشێوەیەکی دەوری کە ئەو ئەنجوومەنە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی خۆیان دایدەنێن کەسی یەکەمی حزبەکان لە شوێنێک کۆدەبنەوە و قسە و گلەیی و گازاندەی خۆیان دەکەن و نانێک پێکەوە دەخۆن کە بێ ئەو ئەنجوومەنە ڕەنگە بە مانگ و ساڵەکان ئەو حزبانە پێکەوە کۆنەبنەوە. میرانی گوتیشی لەلایەکی تر بە دیدی بەندەکە ڕەنگە بۆچوونەکەم ڕاست نەبێت، ئەم ئەنجومە یارمەتیدەرێکی باش دەبێت بۆ حکومڕانییەکی باشتر.

سەرۆکایەتیی هەرێم ئەنجوومەنی حزبەکان ڕەتناکاتەوە

پێشتر سەرۆکایەتیی هەرێم کۆبوونەوەی بەلایەنەکان دەکرد، ئایا ئێستا ئەگەر ئەو ئەنجوومەنە پێکنەهێنرێت، سەرۆکایەتیی هەرێم ناتوانێت ئەو ڕۆڵە ببینێت؟ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دەڵێت: بەڵێ سەرۆکایەتیی هەرێم ئێستاش دەتوانێت، ئەوەی ڕوونتر بڵێم بوونی سەرۆکایەتیی هەرێم ئەو ئەنجوومەنە ڕەتناکاتەوە، ئەنجوومەنەش سەرۆکایەتیی هەرێم ڕەتناکاتەوە. لە وەڵامی ئەو پرسیارەی ئەگەر ئەو ئەنجوومەنە پێکهات، پێتان باشە کێ سەرۆکایەتیی بکات؟ فازڵ میرانی گوتی: بە بۆچونی من ئەگەر ئەو ئەنجوومەنەمان پێکهێنا، سەرۆکایەتییەکەی گرفت نییە، لەناو خەڵکی کوردستان و حزبەکاندا خەڵکی زانا و شایستە زۆرن، بەڵام من دەڵێم میژوو، جوگرافیا، توانا واتە ئەزموون خۆی فەرز دەکات کە ئەولەویەت بۆ ئەو بێت، واتە بۆ خاوەنی ئەو سیفەتانە بێت، ئەویش جەنابی سەرۆک بارزانییە، ئێ خۆ ئەگەر سەرۆک بارزانی نەبێت، ئەی کێ بێت؟ خۆ من نابم! دەتانەوێت من بم، ئێ وەڵا من نابم! هەر دەبێت جەنابی سەرۆک بارزانی بێت، ئەو سیفەتانە لە جەنابیاندایە.

سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەشی گوت: ئێمەی کورد دەبێت خەڵک بۆ پۆست و ئیش بدۆزینەوە نەک پۆست و ئیش بۆ خەڵک بدۆزینەوە، جەنابی سەرۆک بارزانی ئەگەر پۆست و ئیش پێویستی بەو نەبێت، ئەو پێویستی بە ئیش و پۆست نییە، چونکە میژوو و توانا و پێگەی خۆی هەیە، بۆیە ئەگەر ئێمە پێویستمان بەو نەبێت ئەو پێویستی بە ئێمە نییە، بیکەینە سەرۆکی ئەو ئەنجوومەنە. میرانی لە وەڵامی پرسیارێکی تردا گوتی: ئەمەریکییەکان قسەیەکیان هەیە کە دەڵێن: خەڵک دەگۆڕێت (people change) بۆ نموونە خەڵکێک دوێنێ لە ئۆپۆزسیۆن بوو ئەمڕۆ لە حکوومەتە یا بە پێچەوانەوە لەبەر ئەوە هەڵەیە ئێمە دیلی دوێنێ بین، دەبێت لەگەڵ پێشهاتە نوێکان خۆمان بگونجێنین، بۆیە بۆ ئەو لایەنانەشی دەگوترێت رازی نین بە سەرۆکایەتیی سەرۆک بارزانی دەبێت پێش ڕازی نەبوونی ئەوانە پرسیار لە جەنابی سەرۆک بارزانی بکرێت کە ئایا خۆی ڕازییە ئەم پۆستە وەربگرێت؟ ئەوەش پرسیارێکی واریدە وەڵامەکەی کەس ناتوانێت بیداتەوە لە جەنابی سەرۆک بارزانی زیاتر.

سەبارەت بەو پرسیارەی کە پارتی ڕازی دەبێت سەرۆکایەتیی ئەو ئەنجوومەنە بە دەوری بێت؟ هەروەک هاوشێوەی ئەنجوومەنی حکوم کە کاتی خۆی لە عێراق پەیڕەو دەکرا؟ فازڵ میرانی گوتی: عێراق کاتی خۆی لە قۆناغی گواستنەوە بوو، هەرێمی کوردستان ئێستا لە قۆناغی گواستنەوە نییە تا ئێمەش هەمان شتی عێراق بکەینەوە.

ڕوونکردنەوەیەک لە ئەندامێکی نووسینگەی ڕاگەیاندنی بەڕێز سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە

ئەندامێکی نووسینگەی ڕاگەیاندنی بەڕێز سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە کە ئەمەش دەقەکەیەتی: وەک بەرچاو ڕوونیەک و وەڵامێک بۆ بەڕێز ئەمیندارى گشتیی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، بەڕێز سکرتێری مەکتەبی سیاسی لەو وتوێژەی بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا ئاماژەی بە بەرواری پێشنیارەکەی بەڕێز ئەمیندارى گشتی یەکگرتوو داوە کە دەگەڕێتەوە بۆ دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس بۆ دروستکردنی ئەنجوومەنێک بۆ پارتە سیاسییەکان و بە هیچ جۆرێک نە لە دەقی چاوپێکەوتنەکە نە بە دەنگ کە لە وێب سایتی فەرمی دەنگی ئەمەریکا بڵاوکراوەتەوە ئاماژە نەکراوە کە ئەو پێشنیارە نوێیە، تکایە بفەرموون بۆ جارێکی تر پێداچوونەوە بە دەقی چاوپێکەوتنەکە.

هەر شادبن

ئەندامێکی ڕاگەیاندنی نووسینگەی بەڕێز سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان 2019/9/25



فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازی کرد لە دەرچووانی خولی ڕۆشنبیری و گەشەپێدانی کادیران لە سنووریی لقی17ی پارتی دیموکراتی کوردستان.

نووسینگەی جێگری سەرۆکی پارتی قوتابییە یەکەمەکانی خوێندنی کوردی لە کەرکووک خەڵاتکرد



دوێنێ چوارشەمە بە ئامادەبوونی محەمەد خورشید، بەرپرسی لقی 3ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووک، بەڕێز تەها بەرواری، بەڕێوەبەری نووسینگەی ڕێزدار جێگری سەرۆکی پارتی، خەڵاتی نووسینگە پێشکەشی بە قوتابییە یەکەمەکانی خوێندنی کوردی لە کەرکووک کرا و ڕێزیان لێنرا. تەها بەرواری بەڕێوەبەری نووسینگەی ڕێزدار جێگری سەرۆکی پارتی، سلاو و ڕێزی جەنابی نێچیرفان بارزانی بە قوتابییە یەکەمەکانی خوێندنی کوردی لە کەرکووک ڕاگەیاند و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن.

هیومان رایتس ووچ: بۆشایی لە سیستەمی دادوەریی عێراقدا گەیشتووەتە بەرزترین ئاست

ڕێکخراوی هیومان رایتس ووچ ڕایگەیاند کە لە میانی 18 مانگدا، دادگای تەمییزی عێراق لە 20 دۆسیەدا، بانگەشەکانی ئەشکەنجەدان تایبەت بە دانپێدانانەکاندا پشتگوێ خستووە و پشتی بەستووە بە دانپێدانانی باوەڕ پێ نەکراو.

ڕێکخراوەکە ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیادا هاتووە پشکنینەکانی پزیشکی دادوەریی بەشێک لە بانگەشەکانی ئەشکەنجەدانیان تایبەت دانپێدانانەکان پشتڕاستکردووەتەوە، هەروەها لە پشکنینەکاندا ئەوە دەرکەوتووە کە بەشێک لە دانپێدانانەکان باوەڕ پێ کراو نیین لەوانەیە لە ڕێگەی ئەشکەنجەدانەوە وەرگیرابن.

هیومان رایتس ووچ ئاماژەی بەوە کردووە، ئەو پرسە ئەوە دەردەخات کە بۆشایی لە سیستەمی دادوەریی عێراق، گەیشتووەتە بەرزترین ئاست. لە ڕاگەیەندراوەکەدا هیومان رایتس ووچ داوای لە هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی دژ بە ڕێکخراوی داعش کردووە کە گومانلێکراوەکانی سەر بە ڕێکخراوەکە لە سووریاوە نەگوازێتەوە بۆ عێراق، تا ئەو کاتەی دادگاییکردنێکی دادپەروەرانە بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان لە سیستەمی دادوەریی لە عێراق دەستەبەر دەبێت.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/9/26 ژمارە (5836)
وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ یارییدەدەری وەزیری گەنجینەی ئەمەریکا بۆ کاروباری نەهێشتنی پارەدارکردنی تیرۆر کۆبوونەوە

هاوکاری و هەماهەنگیی بانکی نێودەوڵەتی بۆ باشترکردنی کەرتی ئابووریی هەرێمی کوردستان تاوتوێکرا




بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مارشال بیلینگسلی، یارییدەدەری وەزیری گەنجینەی ئەمەریکا بۆ کاروباری نەهێشتنی پارەدارکردنی تیرۆر، بۆ لەناوبردن و نەهێشتنی یەکجاریی داعش و بیری تیرۆریستی و توندڕەوانەی، جەختیان لە پێویستیی وشککردنی سەرچاوەی دارایی داعش و ڕێگریکردنی تەواو لە بزاوت و چالاکییە دارایییەکانی و مەترسیی سەرهەڵدانەوەیان کردەوە و بۆ ئەم مەبەستە هاوکاری و هەماهەنگیی زیاتری نێودەوڵەتییان بە پێویستزانی.

لە کۆبوونەوەیەکدا دوێنێ چوارشەممە 2019/9/25 لە هەولێر، سەرۆک نێچیرڤان بارزانی و مارشال بیلینگسلی، هەروەها پەیوەندییەکانی هەولێر - بەغدا و دەرفەتی کار و وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاری لە هەرێمی کوردستان و عێراق بۆ وەبەرهێنەرانی بیانی و پێشکەشکردنی ئاسانکاری لەمبارەیەوە، سیستەمی بانکی و بانکداری لە عێراق و هەرێمی کوردستان و چۆنیەتیی پێشخستنی و بەستنەوەیان بە جیهان، هاوکاری و هەماهەنگیی بانکی نێودەوڵەتی بۆ باشترکردنی کەرتی ئابووری و بانکداری لە هەرێمی کوردستان و عێراق، دۆخی ئابووریی عێراق و هەرێمی کوردستان بەگشتی و کەرتی وزەیان بەتایبەتی، تاوتوێکرد.

لە کۆبوونەوەکەدا کە بەڕێز کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا و شاندێکی یاوەریشیان بەشدار بوون، گفتوگۆی حکوومەتی هەرێمی کورستان و حکوومەتی فیدراڵی عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بارزگانیی هەرێمی کوردستان و عێراق لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە، چەند تەوەرێکی دیکەی گفتوگۆی هەردوولا بوون.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە جێگری فەرماندەی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق و سووریا دەکات

داعش هێشتا هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر ئاسایشی ناوچەکە



دوێنێ چوارشەممە/2019 9/25 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی کرد لە مارشال بیلینگسلی یاریدەدەری وەزیری گەنجینەی ئەمەریکا تایبەت بە ڕووبەڕووبونەوەی پارەدارکردنی تیرۆر.

لە دیدارەکەدا کە بەڕێز کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا و شاندێکی یاوەریشیان بەشدار بوون، گفتوگۆی حکوومەتی هەرێمی کورستان و حکوومەتی فیدراڵی عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بارزگانیی هەرێمی کوردستان و عێراق لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە، چەند تەوەرێکی دیکەی گفتوگۆی هەردوولا بوون.

عێراق و سووریا بۆ سەقامگیریی.

لە دیدارەکەدا گفتوگۆ دەربارەی پەرەپێدانی میکانیزمەکانی ڕووبەڕووبونەوەی هەڕەشەکانی داعش کرا. هەروەها جەخت لەسەر گرنگی بەردەوامبوونی هاوکارییەکانی هاوپەیمانان بۆ هێزی پێشمەرگە کرایەوە بە تایبەتیش لە بواری ڕاهێناندا.


جێگری فەرماندەی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق و سووریا بۆ تێکشکاندنی داعش و لە دۆخی ئێستای ناوچەکە و هەڕەشەکانی داعش کرا.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وێڕای سوپاسکرنی هاوپەیمانان بۆ هاوکاریکردنی پێشمەرگە، ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی سەرهەڵدانی داعش هێشتاش ماون. بۆیە داعش هێشتا هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر ئاسایشی ناوچەکە.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە یارییدەدەری وەزیری گەنجینەی ئەمەریکا دەکات

ئەمەریکا ئامادەیە لەبارەی سیستەمی بانکییەوە هاوکاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکات

مەسرور بارزانی: گفتوگۆکانمان لەگەڵ بەغدا لەسەر چەند ئاستێک بەردەوامن و بە باشی بەڕێوەدەچن



دوێنێ چوارشەممە/2019/9/25 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی کرد لە مارشال بیلینگسلی یاریدەدەری وەزیری گەنجینەی ئەمەریکا تایبەت بە ڕووبەڕووبونەوەی پارەدارکردنی تیرۆر.

لە دیدارێکدا کە ستیڤن ڤەیگن کونسوڵی گشتی ئەمەریکا لە هەولێر ئامادەی بوو. یاریدەدەری وەزیری گەنجینەی ئەمەریکا بەوەکرد کە هەرێمی کوردستان لە گەشەکردنێکی بەردەوامدایە و ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش ئامادەیە پشتگیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکات بە تایبەتیش لە بواری ڕێکخستنەوە و پەرەپێدانی سیستەمی بانکیدا. هەروەها جەختیشی لە گرنگی بەردەوامبوونی هاوکاریکردن و چاکسازیکردن لە هێزەکانی پێشمەرگەدا کرد.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تیشکی خستە سەر کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی لە بواری ئابووری کە ئامانجی ئەوەیە ئابووری هەرێمی کوردستان هەمەچەشن بکرێت و تەنیا پشت بە یەک سەرچاوەی داهات نەبەستێت.

لەبارەی پرۆسەی گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵیشدا هاتە ئاراوە کە گفتوگۆکان لەسەر چەند ئاستێک بەردەوامن و بە باشی بەڕێوەدەچن، بەو ئومێدەی بگەینە ڕێککەوتنێک کە مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان پارێزراوبن.

دووپاتیشی کردەوە کە دەبێت وەک هەرێمێکی فیدراڵی دانپێدانراو لە دەستوور مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکرێت.

پەرلەمانی کوردستان کۆبووە و فراکسیۆنی پارتی پێشنیاز دەکات ڕۆژی ریفراندۆم بکرێتە ڕۆژی نیشتمانیی گەلی کوردستان



پێشنیوەڕۆی دوێنێ چوارشەممە 2019/9/25 بە سەرۆکایەتیی د. ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و منی نبی قەهوەچی، سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە 2ی ئاساییی خولی پایزە بەڕێوەچوو.

بەرنامەی کاری دانیشتنەکە لە دوو خاڵ پێکهاتبوو، خاڵی یەکەمی تایبەت بوو بە وتەی سەرۆکی پەرلەمان بە بۆنەی ساڵیادی دووەمی پرسی سەربەخۆیی کوردستان (ریفراندۆم) کە لە 2017/9/25 لە هەرێمی کوردستان و سەرجەم ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ئەنجامدرا، خاڵی دووەم و کۆتایی بەرنامەی کاریش بریتی بوو لە خوێندنەوەی دووەمی هەمواری یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

سەرۆکی پەرلەمان وتەیەکی بە بۆنەی ساڵیادی دووەمی پرسی سەربەخۆیی کوردستان (ریفراندۆم) پێشکەشکرد و لە سەرەتای وتارەکەشیدا ڕایگەیاند: ئەمڕۆ دوو ساڵی تەواو بەسەر ئەنجامدانی پرۆسەی ڕاپرسی بۆ سەربەخۆیی تێدەپەڕێت، پرۆسەیەک کە لە هەلومەرجێکی بابەتیی تایبەت و دوای شەڕووبەڕووبونەوەی داعش و لە دۆخێکی ڕاگوزەری هەرێم و عێراق و ناوچەکەدا ئەنجامدرا، گوتیشی: ئەوکات و ئێستاش بۆچوونمان وایە کە مافی چارەی خۆنوسین مافێکی سرووشتی و ئەزەلیی هەر گەلێکە و بە جۆرێک وابەستەی ئیستیحقاقاتی گەلان کراوە کە لە پرەنسیپێکی نێودەوڵەتییەوە بۆ مافێکی بنەڕەتی گۆڕاوە و هەردوو پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە سیاسی و مەدەنییەکان و مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان وەک مافێک لە مافەکانی گەلان بۆ گوزارشت لەخۆکردن ناساندوویانە و ڕاپرسیش یەکێکە لە ئامڕازەکان بۆ ئەو گوزارشت لەخۆکردنەی گەلان.

لەبارەی ڕۆڵی پەرلەمانی کوردستان وەک دامەزراوەی دەستووری و شەرعیی گەلی کوردستان و سەرچاوەی بڕیارە چارەنوسسازەکان، سەرۆکی پەرلەمان، ڕایگەیاند: بە گشتی پێشتر و پاش ئەنجامدانی ڕاپرسیش جەختکردنەوە لەسەر دیالۆگ و گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا بژاردەیەکی پەسەندکراوی گەلەکەمان و پەرلەمانی کوردستانیش بووە.

دوای تەواوبوونی وتاری سەرۆکی پەرلەمان، لەلایەن فراکسیۆنی زەردەوە پێشنیازی ئەوەکرا ڕۆژی ریفراندۆم و ڕاپرسی بکرێتە ڕۆژی نیشتمانیی گەلی کوردستان و لەزووترین کاتدا کاری بۆ بکرێت. هەر لەچوارچێوەی خاڵی یەکەمی بەرنامەی کار کە تایبەتبوو بەساڵیادی دووەمی پرسی سەربەخۆیی کوردستان (ریفراندۆم)، بەخوێندنی سرووەدی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب لەلایەن پەرلەمانتاران و چەند ساتێک وەستان بەبێدەنگی ئەو یادە بەرز ڕاگیرا.


هەر عێراقییەک لە یەکێتیی ئەورووپا بگەڕێتەوە هەشت ملیۆن دیناری پێدەدرێت



وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق ڕایدەگەیەنێت لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی پڕۆگرامی حکوومەت کە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق ڕایسپاردوون بۆ بە دواداچوونی کاروباری عێراقییەکانی دەرەوەی وڵات دەیانەوێت لە ڕێگەی قەرزێکی هەشت ملیۆن دیناریەوە چی عێراقییەک دەیەوێت بگەڕێتەوە سوودمەندی بکەن.

بەپێی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران ئەو بڕە پارەیە بریتییە لە قەرزی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی. وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق ڕایگەیاند، بڕە پارەیەکی دابینکراوی لە پڕۆگرامی بەکارخستن و قەرزەکان لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەستکەوتووە بۆ ئەوەی بدرێت بەو عێراقییانەی کە لە وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپان و دەگەڕێنەوە بۆ عێراق و بڕەکەی بریتییە لە هەشت ملیۆن دیناری عێراقی بۆ هەر عێراقییەک کە بگەڕێتەوە.

گوتەبێژی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق، عەلی عەباس جهانگیر ڕایگەیاندووە وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران بڕە پارەیەکی لە پڕۆگرامی بەکارخستن و قەرزکان بۆ ئەو کەسانەی لە وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپاوە دەگەڕێنەوە بۆ عێراق دەستخستووە، ئەوەش بۆ ئەوەیە کە ڕۆڵ بگێڕێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی بژێویان و بەرقەراریان لە کۆمەڵگە و ڕێگەگرتن لە بێکردنەوە لە کۆچکردنی نایاسایی بۆ دەرەوەی وڵات جارێکی دیکە. عەباس جهانگیر لە درێژەی قسەکانیدا ڕایگەیاندووە، ئەوانەی سوودمەند دەبن لەو پڕۆگرامە قەرزێک دەیانگرێتەوە بۆ پاڵپشتیکردنی پڕۆژە بچووکەکان، ئەوەش لە دوای ڕاهێنان و پێگەیاندنیان بۆ بەڕێوەبردنی پڕۆژەکانیان.



جێگری سەرۆکی پەرلەمان پێشوازیی لە شاندێکی لیژنەی وەرزش و لاوان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کرد

لە چوارچێوەی پتەوکردنی پەیوندییەکان و هاوکاری و هەماهەنگییەکان لەنێوان لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان و لیژنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدرالدا، پاشنیوەڕۆی دوێنێ 25ی ئەیلوولی 2019، هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پێشوازیی لە شاندێکی لیژنەی وەرزش و لاوان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کرد کە پێکهاتبوو لە عەباس علیّوی سەرۆکی لیژنە و دیار تەیب جێگری سەرۆکی لیژنەو ئاوەزوو مەحمود بریاردەری لیژنەکە.

لە دیدارێکدا کە لوقمان وەردی سەرۆکی لیژنەی رۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان لە پەرلەمانی کوردستان ئامادەیبوو، هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان وێڕای بەخێرهێنانی شاندی میوان جەختی لە گرنگیی پتەوکردنی پەیوندییەکان و هاوکاری و هەماهەنگییەکانی نێوان لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان و لیژنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدرالّ کردەوە لەو یاسایانەی کە پەیوەندیدارن بەهەردوو لیژنە پەرلەمانییەکە و ئەو یاسایانەی لە بەرژەوەندیی لاواندایە لەبواره جیاجیاکاندا.

هەر لە دیدارەکەدا هەردوولا جەختیان لەسەر ئەو یاسایانە کردەوە کە زیاتر خزمەت بە بواری وەرزش و لاوان دەکەن لە دژایەتیکردنی بڵاوبوونەوەی مادە هۆشبەرەکان و دابینکردنی هەلی کار بۆ لاوان و گرنگیدان و ئاسانکاری بۆ بواری وەرزش و لابردنی ئاستەنگەکانی بەردەم کۆتاییدا شاندی لیژنەی وەرزش و لاوان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئامادەیی خۆیان نیشاندا بۆ هاوکاری و هەماهەنگییان لە داڕشتن و نووسینەوەی یاساکان و بەدواداچوونەکانیان بۆ بواری وەرزش و لاوان لەگەڵ لیژنە هاوتاکەیان لە پەرلەمانی کوردستاندا.

د. محەمەد خورشید: بڕیاری رادەستکردنەوەی بارەگا داگیرکراوەکانی پارتی لە کەرکووک دەرچووە



بڕیاری رادەستکردنەوەی بارەگە داگیراوەکانی پارتی لە کەرکووک، لەلایەن حکوومەتی فیدرالەوە دەرچووە، بەرپرسێکی پارتیش لە کەرکووک دەڵێت، پارێزگاری بەزۆر سەپێندراوی کەرکووک داوای لە بەغدا کردووە بارەگاکانی پارتی چۆڵ نەکرێن.

دکتۆر محەمەد خورشید، بەرپرسی لقی سێی پارتی لە کەرکووک، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی رایگەیاندووە: هەندێک فەرمان لە بەغداوە بۆ سەرکردایەتیی ئۆپەراسیۆنەکانی کەرکووک نێردراوە تا بارەگاکانی پارتیمان ئامادە بکرێن و رادەستبکرێنەوە، بەڵام بەداخەوە بەرانبەر بەوە پارێزگاری بەزۆر سەپێندراوی کەرکووک، لە ترسی ئەوەی خەڵکی خانەقین چالاکی بۆ یادی ریفراندۆم ئەنجام بدەن، حەشدی شەعبی بە هێزێکی زۆر و چەکی قورسەوە هاتووە بۆ خانەقین و کردوویانەتە سەربازگە.

شێخ جەعفەر شێخ مستەفا، بە مالپەڕی پارتی گوتی: حەشدی شەعبی چەکێکی زۆر قورسی هێناوە بۆ ناوچەکە و هێزێکی زۆریشی هێناوە و هەموو ڕێگاکانی داگیرکردووە و خانەقین بووەتە سەربازگە و کۆمەڵێک هەمەریشیان هێناوە بۆ ناوبارەگای ئێمە لە خانەقین. شێخ مستەفا گوتیشی: هەر ئەمشەویش هێرش کراوەتە سەر گوندی باوە مەحمود و پیاوێک بەناوی مەحمود سالّح کوژراوە و دووی دیکەش بریندار بوونە، بۆیە دۆخی خانەقین زۆر خراپە. ناوبراو باسی لەوەشکرد، حەشد دەزانن خەڵکی خانەقین نەتەوەیین، بۆیە ئەو هێزەیان هێناوە و ترسیان هەیە کە خەڵکی خانەقین لە ڕۆژی ریفراندۆمدا چالاکی ئەنجام بدەن، چونکە ئەوان ترسی زۆریان لە خەڵکی خانەقین هەیە.

لەگەڵ چەند بارەگایەکی تایبەتی پارتیمان داگیرکراون.

پەیوەست بەوەی یەکێک لە مەرجی پارتی بۆ ئاسایکردنەوەی ڕەوشی کەرکووک ڕادەستکردنەوەی بارەگانیانە، دکتۆر محەمەد خورشید ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: یەکێک لە مەرجەکانی پارتی ئاسایکردنەوەی ڕەوشی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەویش بەوەی هەموو ئەو هێزە سەربازیانەی لەنێو شاری کەرکووکدان، دەربچن و هەروەها بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستانیش چۆڵ بکرێن و ڕادەستبکرێنەوە.

شێخ جەعفەر: حەشدی شەعبی لەبەر یادکردنەوەی ریفراندۆم خانەقینیان کردووەتە سەربازگە



بەرپرسی لقی 15ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە خانەقین گوتی، لە ترسی ئەوەی خەڵکی خانەقین چالاکی بۆ یادی ریفراندۆم ئەنجام بدەن، حەشدی شەعبی بە هێزێکی زۆر و چەکی قورسەوە هاتووە بۆ خانەقین و کردوویانەتە سەربازگە.

شێخ جەعفەر شێخ مستەفا، بە مالپەڕی پارتی گوتی: حەشدی شەعبی چەکێکی زۆر قورسی هێناوە بۆ ناوچەکە و هێزێکی زۆریشی هێناوە و هەموو ڕێگاکانی داگیرکردووە و خانەقین بووەتە سەربازگە و کۆمەڵێک هەمەریشیان هێناوە بۆ ناوبارەگای ئێمە لە خانەقین. شێخ مستەفا گوتیشی: هەر ئەمشەویش هێرش کراوەتە سەر گوندی باوە مەحمود و پیاوێک بەناوی مەحمود سالّح کوژراوە و دووی دیکەش بریندار بوونە، بۆیە دۆخی خانەقین زۆر خراپە. ناوبراو باسی لەوەشکرد، حەشد دەزانن خەڵکی خانەقین نەتەوەیین، بۆیە ئەو هێزەیان هێناوە و ترسیان هەیە کە خەڵکی خانەقین لە ڕۆژی ریفراندۆمدا چالاکی ئەنجام بدەن، چونکە ئەوان ترسی زۆریان لە خەڵکی خانەقین هەیە.

ریفراندۆمخوازانی کوردستان: ئەگەر ئێستاش ریفراندۆم بکرێتەوە هەر دەنگمان بۆ بەڵێی سەربەخۆیی کوردستانە

هاوڵاتییەک: ئەو ڕۆژەی دەنگم دا بۆ سەربەخۆیی خۆشترین ڕۆژی ژیانی من بوو

ریفراندۆمخوازێک: خیانەت نەیهێشت لەم قۆناغەدا بە هیوا و ئاواتەکانی خۆمان بگەین



دوو ساڵ بەسەر بەڕێوەچوونی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان تێپەڕ بوو، کە 93%ی خەڵکی کوردستان دەنگیان بە بەڵێ دا و داوایان کرد سەربەخۆبن. بۆ یادەی دوو ساڵەی ئەنجامدانی ریفراندۆم، کوردستانیان دەڵێن، ئەگەر ئێستاش ڕیفراندۆم بکرێتەوە، هەر دەنگمان بە بەڵێیە بۆ سەربەخۆیی و دەستبەرداری نابن، چونکە تا سەربەخۆ نەبین، بە مافە ڕەواکانی خۆمان ناگەین.

ئازاد محێدین، هاوڵاتییەکی سۆرانە، بۆ مالپەڕی پارتی ڕایگەیاندووە: ئەو ڕۆژەی کە دەنگم دا بۆ سەربەخۆیی، خۆشترین ڕۆژی ژیانی من بوو، تا ماویشم هەر شانازی بەو ڕۆژەوە دەکەم، هیوادارم ڕۆژێک بێت کار بە ئەنجامی ریفراندۆم بکرێت و بەو ڕۆژە بگەین کە دەریایەک خوێنمان بۆ داوە، تا کەسی دیکە نەتوانێت دەست بۆ کوردستان درێژ بکات و بە مافە ڕەواکانی خۆمان بگەین.

شیلان شێرزاد، ئافرەتێکی سنووری ڕواندزە، دەڵێت: ئەگەر ئێستا سەربەخۆ بووینایە و وڵاتی خۆمان هەبووایە، کەس نەیدەتوانی دەست بۆ هەرێمەکەمان درێژ بکات، بەڵام بەداخەوە خیانەت نەیهێشت بە هیوا و ئاواتەکانی خۆمان بگەین، بەڵام بڕوام وایە ڕۆژێک هەر دێت بەو ڕۆژە دەگەین کە باب و باپیرانی ئێمە خۆیان لە پێناودا کردووەتە قوربانی.

فاتیمە شەریف، کە کوردێکی لە شەڕی داعش لە باشیک شەهید بوو، گوتی: کاتێک کە کوڕەکەم شەهیدبوو، وامزانی هەموو شتێکم لە دەست دا و بێئومێد بووم لەو ژیانە، بەڵام کاتێک دەنگم بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا، وامزانی ئێستا کوڕەکەم هاتووەتەوە و شەهید نەبووە، خوێنی کوڕەکەم بەفیڕۆ نەچووە، بەڵام بەداخەوە خیانەتکاران نەیانهێشت دایکی شەهیدان بە هیوا و ئاواتی خۆیان بگەن، هیوادارم خوێنی کوڕەکەم و هەموو شەهیدانی دیکە بەفیڕۆ نەچێت و بەو ڕۆژە بگەین کە کوڕەکەم خۆی لەو پێناوەدا کردووەتە قوربانی.

دڵدار نەعمان، گەنجێکی سنووری شارۆچکەی میرگەسۆرە، ئەویش دەڵێت: ئەگەر ئێستاش ریفراندۆم بکرێتەوە و لێم بپرسن چۆن دەنگ دەدەیت؟ دەنگم هەر بە بەڵێیە بۆ سەربەخۆیی کوردستان و دەستبەرداری نابین، چونکە تا سەربەخۆ نەبین بە مافەکانی خۆمان شاد نابین، بۆیە هیوادارم گەلی کورد هەموو یەک بگرێت بۆ ئەوەی ئێمەش وەکو هەموو گەلانی جیهان بە مافە ڕەواکانی خۆمان بگەین و سەربەخۆ بین و وڵاتێکمان هەبێت بە ناوی کوردستان.

گەورە مەرجەعی مەسیحییەکانی نەیجیریا بۆ خەبات:

بە چاوی ڕێزەوە سەیری ئەزموونی لێبووردەیی هەرێمی کوردستان دەکەین



خەبات- مەریوان نەقشبەندی

کاردینالّ ئۆنای کان گەورە مەرجەعی مەسیحییەکانی نەیجیریا و کیشوەری ئەفریقیا لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات، ستایشی ئەزموونی لێبووردەیی و پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان دەکات و تەئکید دەکاتەوە ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەستوەردان لە ڕەوشی خراپی مەسیحییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەکات ئەوە ڕەنگە مەسیحییەکان لەو ناوچەیە ببنە بەشێک لە میژوو.

کاردینالّ ئۆنای کان لەم لێدوانە تایبەتەی بۆ ڕۆژنامەی خەبات تیشکی خستە سەر ڕەوشی خراپی مەسیحییەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بە تایبەتی و دەڵێت: بەپێی بەدواداچوون و کۆکردنەوەی داتا و زانیاری ورد لە لایەن چەند ڕێکخراوێکی مەسیحییەوە بۆمان دەرکەوتووە کە نزیکەی 20 ملیۆن مەسیحی لە وڵاتانی ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا و ئەفریقیا لەژێر هەڕەشە و مەترسیدان و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خواستی بەجێهێشتنی وڵات و ناوچەکانیان زیاتر دەبێت.

ئەم گەورە مەرجەعەی مەسیحییەکانی ئەفریقیا کە خاوەنی پێگەیەکی مەعنەوی بەهێزە لە وڵاتەکەی (نەیجیریا) و لە تەواوی ئەفریقاشدا سەبارەت بە مەسیحییەکانی عێراق دەڵێت: بەداخەوە زانیاری پڕ لە نیگەرانیمان پێدەگات و دەزانین کە ڕێگەیان پێنادرێت بە ئاسانی بگەڕێنەوە ئەو ناوچانەی خۆیان لە بەغدا و دهۆک نەینەوا کە بەهۆی داعشەوە ناچارکرابوون بەجێبێڵن، بۆ ئەوەش ئێمە هەوڵەکانمان چڕکردووەتەوە بۆ کۆتایهێنان بە نیگەرانی و نەهامەتییەکانی مەسیحییەکانی عێراق کە بە سوپاسەوە هەرێمی کوردستان جێگای کردوونەتەوە و دەیانپارێزێت، بەڵام بەپێی زانیارییەکانمان لە ناوچەکانی دیکەی عێراق ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەیان کەمتر دەبێتەوە و ئەوەش جێگەی شەرمەزارییە کە دوای کۆتایهاتنی داعش هێشتا مەسیحییەکان ڕێگەی گەڕانەوەیان نەبێت بۆ شوێنەکانی خۆیان لە دەشتی نەینەوا و شاری مووسڵ. لە کۆتایی لێدوانە تایبەتەکەی بۆ ڕۆژنامەی خەبات کاردینالّ ئۆنای گوتی: مەترسی تەنیا لەسەر مەسیحییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە، بەڵکو بەداخەوە لەو سنوورە هەموو کەمینەکان گەلەیی و گازەندەیان ئەوەیە کە مافەکانیان وەک هاووڵاتی بۆ دەستەبەر نابێت و ناچار بە کۆچکردن دەکرێن، بۆیە هیوامان بە ئەزموونی هەرێمی کوردستانە کە بگاتە شوێنەکانی تری عێراق و ناوچەکە بۆ ئەوەی مەسیحییەکان و کولتور و کەلەپوور و میژووەکەیان لەو سنوورە پارێزراو بێت.

www.xebat.net
خەبات | پێنج شەممە 2019/9/26 ژمارە (5836)

ریفراندۆمی سەربەخۆیی دۆکیومێنتێکی زیندووە و هەرگیز نامرێت

ئازاد جندیانی: خەباتمان هەر بۆ سەربەخۆییە

موسەننا ئەمین: کورد لەسەر حەق بوو





دوو ساڵ بەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیدا تێدەپەڕێت و سیاسەتوانانی هەرێمی کوردستانیش پێیانوایە، خەڵکی کوردستان توانی لە 25ی ئەیلوولدا بڕیار لەبارەی پاشەڕۆژی خۆیانەوە بدەن. هاوکات کەسایەتییەکی سیاسیی هەرێمی کوردستانیش جەخت لەوە دەکاتەوە، هێشتا ریفراندۆمی خەڵکی کوردستان هێز و توانستی خۆی ماوە و دەڵێت، بە زەبری هێز و نانبڕین جێبەجێکردنەکەی دواخراوە.


ئازاد جندیانی، کەسایەتیی سیاسیی هەرێمی کوردستان بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دێموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: ئێمە قۆناغی ریفراندۆمان تێپەڕاند و پێویستە میللەتەکەمان ئەوەی لە ریفراندۆم دەستی کەوتووە، بە هەموو شێوەیەک و لە هەموو دەرفەتێکی گونجاودا بەکاری بێنن بۆ پرسی سەربەخۆیی، پێموایە ئەگەر شمشێر لە کورد هەڵنەکێشرابێت و دەست نەخرابێتە قورگی میللەتی ئێمە بۆ ئەوەی بڕسی بکرێت، جارێکی دیکە گەلی ئێمە خەبات و دەنگی هەر بۆ سەربەخۆیی و ریفراندۆمە، چونکە من ریفراندۆمی سەربەخۆیی بە دۆکیومێنتێکی زیندوو دەزانم و قەت نامرێت، بەڵکو پێی دەڵێم دۆکیومێنتێتی فەرمی کە هێشتا هێز و توانستی خۆی ماوە، بە زەبری شەڕ و نانبڕین و ترس و توقاندن جێبەجێکردنەکەی دوا کەوتووە.

ئازاد جندیانی دەڵێت: هەرچەندە ئەو کاتەش، واتە بەر لە دوو ساڵ نەمانگوت ئەو ڕۆژەی ریفراندۆم ئەنجامدەدەین، ڕۆژی دواتر سەربەخۆیی ڕادەگەیەنین، هیچ کات ئەوەمان نەگوتووە، ئێمە نییەتمان ئەوە بوو بە دانوستان و لێکتێگەیشتن لەگەڵ بەغدا ئەنجامی ریفراندۆم بخەینە واری جێبەجێکردنەوە. لای خۆشیەوە، دکتۆر موسەننا ئەمین، پەرلەمانتاری یەکگرتوو لە پەرلەمانی عێراق گوتی: ریفراندۆم مافێکی شەرعی و دەستووری و یاساییە، ئەوەی گەلی کوردستان بەر لە دوو ساڵ ئەنجامی دا، مافێکی دەستووریی خۆی جێبەجێکرد، ئەوەی پێی دەگوترێت ریفراندۆم، مانای ئەوەی خەڵک بە گشتی رای خۆی دەردەبڕێت، خەڵکیش مافی خۆیەتی لەسەر هەر پرسێک ڕاوبۆچوونی خۆی هەبێت، ریفراندۆم بەشێکە لە دیموکراسی و مافی دەربڕین و دیاریکردنی پاشەڕۆژی خۆی، ئینجا هەر یەکێک دەیکات، بەداخەوە بەغدا ریفراندۆمی کردە بیانوو بۆ ئازاردانی میللەتی ئێمە و سنووردارکردنی دەسەڵات و مافەکانی، هەتا بەزۆر نکۆڵی لە مافی میللەتی ئێمە کرا.

ئازاد جندیانی، دەشڵێت: بەداخەوە وەڵامی بەغدامان بینی و وەڵامەکانی دەوروبەریشمان بینی، ئەوەی دەگوترێ گوایە کورد بە هۆی ریفراندۆمەوە زەرەرمەند بووە، وا نییە و بەڵکوو عێراق زەرەرمەندی یەکەمە و کورد زەرەری نەکردووە لە ریفراندۆم، دەوڵەتی عێراق زیانی پێگەیشت، چونکە دەرفەتێک هاتبووە بەردەم عێراق، ببێتە دەوڵەتێک و بحەسێتەوە لە سایەی کورد لە چوارچێوەی سەربەخۆیونی کورددا و ئەوانیش سەربەخۆین و بحەسێنەوە، ئەو کێشانەی یەخەی عێراقیان گرتووە و هێشتا بەردەوامن و بەردەوامیش دەبن تا ئەو کاتەش دریژەیان دەبێت کە کورد دەگات بە مافەکانی، کە دەڵێم ماف، بە مانای مافی سەربەخۆیی.

هاوکات دکتۆر موسەننا ئەمین ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: هیچ مرۆڤێک لەسەر بیرکردنەوە و بۆچوونی خۆی هیچ جۆرە مامەڵەیەکی یاسایی لەگەڵدا ناکرێت، ئەگەریش ئەو بۆچوونە ناکۆک بێت لەگەڵ فیکری سیاسی ئەو وڵاتە، کوردستان هیچی ئەنجام نەداوە قابیلی ئەوە بێت بەغدا لەشکرکێشی بۆ بکات و خەڵک بکوژێت و ئاواره و دەربەدەریان بکات، ریفراندۆم بۆ وەرگرتنی بۆچوونی میللەت بووە و هیچ خەرقێکی یاسایی و دەستووری تێدا نییە، پێویستە لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا مافی خەڵکی پارێزراو بێت تا ئەوکاتەی جیا دەبێتەوە یان داوای جیابوونەوە دەکات، ناکرێت تەنیا لەسەر دەربڕین و دیاریکردنی پاشەڕۆژی خۆی میللەتێک سزا بدرێت و مافی پێشێل بکرێت، لەبەر ئەوە پێموایە کورد لە ئەنجامدانی ریفراندۆم لەسەر حەق بووە.

لە ساڵیادی ریفراندۆمدا
کتێبی وتاری سیاسی پوتین و بارزانی بڵاو دەکرێتەوە



لە ساڵیادی ریفراندۆمدا کتێبی وتاری سیاسی پوتین و بارزانی بڵاو دەکرێتەوە، ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا نامەیەکی ماجستێرە کە نووسەر پێشکەشی کۆلێژی فیلۆلۆجی کردووە لە زانکۆی ئاریۆل لە وڵاتی ڕووسیا و بە پلەی نایاب وەرگیراوە. خودی نووسەر لێکۆڵینەوەکەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و پاش هەندێک گۆڕانکاری لە چوارچێوەی کتێبێکی 248لاپەڕەیی ئامادەدەی کردووە و لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری ژمارەی سپاردنی 591ساڵی 2019 پێدراوە.

بابەتی سەرەکی ئەم کتێبە وەڵامی هەندێک پرسیاری کۆنکرێتییە لە لێکۆڵینەوەی وتاری سیاسی لە چوارچێوەی سۆسیۆلینگویستیکدا،پێش هەموویان ئەو پرسیارانەی پەیوەندی بە تایبەتمەندی وتاری سیاسی ڤلادیمیر پوتین و سەرۆک مەسعود بارزانی هەیە، بەشێوەیەکی گشتی ئەم کتێبە بڕیتییە لە تایبەتمەندی زارەکی و نازارەکی (زمانی جەستەیی) هەردوو سەرۆک لە سۆسیۆلینگویستیکدا.

کتێبەکە لە سێ بەش پێکدێت لە بەشی یەکەم باس دروستبوون و پێشکەوتنی سۆسیۆ لینگویستیک وەکو زانستێک کراوە هەروەها چەمک و مانای زانستی سۆسیۆ لینگویستیک شیکراوەتەوە دواتر باس لە پەیوەندی سۆسیۆ لینگویستیک بە ڕەوانبێژی کراوە، هەر لە بەشی یەکەم باس لە چۆنیەتی دروستکردنی کاریگەری لەسەر گوێگر کراوە لە ڕێگای وتاری زاراکی (ئاخاوتن) وتاری نازارەکی (زمانی جەستە) کراوە. لە بەشی دووەمدا ڕەهەندە بنەڕەتییەکانی وتاری سیاسی لە چوارچێوەی سۆسیۆ لینگویستیک خراوەتەڕوو و باس لە داڕشتن و ڕووخسار و کار و کردای وتاری سیاسی کراوە، هەروەها بنەما باوەکانی پێشکەوتنی وتاری سیاسی دیاری کراوە. لە بەشی سێیەمدا باس لە تایبەتمەندی بەکارهێنانی زاراوە و دەستەواژە و ڕەوانبێژی وتاری سەرۆک بارزانی و سەرۆک پوتین کراوە، هەروەها ستایل و شێوازی وتاری هەردوو سەرۆک خراوەتەڕوو لە کۆتاییدا باس لە تایبەتمەندی، ئەمجۆرە کتێبانە دەبنە سەرچاوەیەکی بەهێز بۆ لێکۆڵینەوەی ئەکادیمییەکان، هەروەها دەبێتە هۆی بەرەو پێشچوونی سێکتەری دیپلۆماسی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتی ڕووسیا.

هۆکاری بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە لە ساڵڕۆژی ریفراندۆمدا وەکو وەفایاکە بۆ جەنابی سەرۆک کە ڕابەرایەتیی میللەتی کوردی کردووە، بۆ گەیشتن بۆ سەربەخۆیی و لە هەمان کاتدا سپاسگوزارییەکە بۆ سەرۆک پوتین کە تاکە سەرکردە بوو لە ساتی ئەنجامدانی ریفراندۆمدا هیچ جۆرە کاردانەوەیەکی نەرێنی لەسەر ریفراندۆم نەبوو، هەروەها لە چەندین لێدواندا ریفراندۆم و سەربەخۆیی بە مافی گەلی کورد لە قەڵەمدا.

هەر عێراقییەک لە یەکێتیی ئەورووپا بگەڕێتەوە هەشت ملیۆن دیناری پێدەدرێت

وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق ڕایدەگەیەنێت لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی پڕۆگرامی حکوومەت کە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق ڕایسپاردوون بۆ بە دواداچوونی کاروباری عێراقییەکانی دەرەوەی وڵات دەیانەوێت لە ڕێگەی قەرزێکی هەشت ملیۆن دیناریيەوە چی عێراقییەک دەیەوێت بگەڕێتەوە سوودمەندی بکەن.

بەپێی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران ئەو بڕە پارەیە بڕیتییە لە قەرزی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی. وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق ڕایگەیاند، بڕە پارەیەکی دابینکراوی لە پڕۆگرامی بەکارخستن و قەرزەکان لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەستکەوتووە بۆ ئەوەی بدرێت بەو عێراقییانەی کە لە وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپان و دەگەڕێنەوە بۆ عێراق و بڕەکەی بڕیتییە لە هەشت ملیۆن دیناریی عێراقی بۆ هەر عێراقییەک کە بگەڕێتەوە.

گوتەبێژی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق، عەلی عەباس جهانگیر ڕایگەیاندووە ڕایگەیاندووە، ئەوانەی سوودمەند دەبن لەو پڕۆگرامە قەرزێک دەیانگرێتەوە بۆ پاڵپشتیکردنی پڕۆژە بچووکەکان، ئەوەش لە دوای ڕاهێنان و پێگەیاندنیان بۆ بەڕێوەبردنی پڕۆژەکانیان.

ریفراندۆم بووە مۆڵکی کوردستانیان و پێویستە هەموومان شانازیی پێوە بکەین



ساسان دەروێش- ئەڵمانیا

بۆ بەرز و پیرۆز ڕاگرتنی دووەم ساڵی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان، لیژنەی ناوچەی میونشنی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆڕێکیان بۆ مەسعود تەک سەرۆکی پارتی سۆسیالیستی باکووری کوردستان سازکرد.

بەشێکی بەرچاو لە ڕەوندی کورد تێیدا بەشداربوون، وێڕای بەخێرهاتنی ئامادەبووان، سەرەتا بە خولەکێک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستپێکرد، پاشان کۆڕگێڕ لە باسێکی تێروتەسەلدا باسی لە ئەنجامدانی پرۆسەی دیموکراسی ریفراندۆم کرد و بە سەرکەوتوو باسی لێوە کرد و تیشکی خستە سەر ئەنجامەکەی و وەک بەڵگەنامەیەکی میژوویی بۆ کورد و وەک دەستکەوتێکیش ناساندی و دواتر باسی لە میژووی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کوردی کرد بە چەند قۆناغێک کە ریفراندۆمی بە شۆڕشێکیش وەسفکرد بەوەی خەڵکی کورد ئومێد و هیواکانی خۆیان هەڵچنن لەسەری.

ئامانج عوسمان، یەکێک لە بەشداربووانی کۆڕەکە بە خەباتی ڕاگەیاند: ڕیفراندۆم لە دەستی حزب نەما، ڕاستە سەرۆک مەسعود بارزانی ئەندازیاری بوو، بەڵام ریفراندۆم بووە مۆڵکی خەڵک و پێویستە هەموومان شانازی پێوە بکەین و بە هی هەموومانی بزانین کە زۆرینەمان دەنگمان پێدا و لەم یادکردنەوەیەدا پیرۆزبایی لە دایکی شەهیدان و کەسوکاری هەموو قوربانیانی شۆڕش بکەین کە خەونی هەموویان بوو، کۆڕەکەش زۆر بە سوود و گرنگ بوو کە کۆمەڵێک بیروبۆچوونی جیاوازی لە یەک نزیککردەوە، هەموومان بە یەک ڕێگادا دەڕۆین و یەک چارەنووسمان هەیە، تەنها بۆ گەیشتن بەم خەونە یەکڕیزی و تەبایی و یەکخستنی نێومانی کورد.

هیومان رایتس ووچ: بۆشایی لە سیستەمی دادوەریی عێراقدا گەیشتووەتە بەرزترین ئاست

ڕێکخراوی هیومان رایتس ووچ ڕایگەیاند کە لە میانی 18 مانگدا، دادگای تەمیزی عێراق لە20 دۆسیەدا، بانگەشەکانی ئەشکەنجەدان تایبەت بە دانپێدانانەکاندا پشتگوێ خستووە و پشتی بەستووە بە دانپێدانانی باوەڕ پێ نەکراو.

ڕێکخراوەکە ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیادا هاتووە پشکنینەکانی پزیشکی دادوەریی بەشێک لە بانگەشەکانی ئەشکەنجەدانیان تایبەت دانپێدانانەکان پشتڕاستکردووەتەوە، هەروەها لە پشکنینەکاندا ئەوە دەرکەوتووە کە بەشێک لە دانپێدانانەکان باوەڕ پێ کراو نین لەوانەیە لە ڕێگەی ئەشکەنجەدانەوە وەرگیرابن.

هیومان رایتس ووچ ئاماژەی بەوە کردووە، ئەو پرسە ئەوە دەردەخات کە بۆشایی لە سیستەمی دادوەریی عێراق، گەیشتووەتە بەرزترین ئاست.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هیومان رایتس ووچ داوای لە هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی دژ بە ڕێکخراوی داعش کردووە کە گومانلێکراوەکانی سەر بە ڕێکخراوەکە لە سووریاوە نەگوازێتەوە بۆ عێراق، تا ئەو کاتەی دادگاییکردنێکی دادپەروەرانە بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان لە سیستەمی دادوەریی لە عێراق دەستەبەر دەبێت.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە بەڕێوەبەری بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە وەکاڵەت لە ڕێکخراوی هیومان رایتس ووچ، لەما فقیهە گوتوویەتی: ژمارەیەکی زۆر لە بڕیارەکانی دادگای تەمیزی عێراق دووبارەیان تیادایە بە هۆی خراپی دادگاییکردنەکانی تایبەت بە تیرۆر. لەما فقیهە ئەوەشی گوتووە چون پارێزەر و دادوەرانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە عێراق دەتوانن کە ئەوەی لە بەرچاویان روودەدات دەستەوەستان بوەستن. هیچ ڕوونکردنەوە و زانیارییەک لەوبارەوە لە لایەن کاربەدەستانی عێراقەوە بڵاونەکراوەتەوە.

هەواڵەکانتان بۆ ئەم ناونیشانە بنێرن: Hawal.xabat@yahoo.com
پێنج شەمە 2019/9/26 ژمارە (5836)
www.xebat.net
خەبات

کونسوڵی گشتیی بەریتانیا سەردانی وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات



ڕۆژی 25/9/2019 ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆ لە دیوانی وەزارەت پێشوازیی لە جیمس تۆرنتۆن کونسوڵی نوێی بەریتانیا لە هەرێمی کوردستان و شاندێکی یاوەری کرد.

لە سەرەتای دانیشتنەکەدا جیمس رایگەیاند کە بەهۆی دەستبەکاربوونییەوە وەک کونسوڵی نوێی بەریتانیا لە هەرێمی کوردستانە و هەروەها لە نزیکەوە ئاگادارببوون لە ڕەوشی هەرێمی کوردستان و زیاتر پتەوکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ حکوومەتی هەرێم ئەم سەردانەیان ئەنجامداوە، لای خۆشییەوە وەزیری ناوخۆ خۆشحاڵی خۆی بۆ ئەم دیدارە نیشاندا و هیوای سەرکەوتنیشی بۆ کونسوڵی گشتی بەریتانیا خواست لە ئەرکی نوێیدا و هەروەها ئامادەیی حکوومەتی هەرێم و وەزارەتی ناوخۆشی نیشاندا بۆ هەر هاوکارییەک کە پێویست بێت.

هەر لە دانیشتنەکەدا ڕەوشی سیاسی و ئەمنی لە عێراق بە گشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی گفتوگۆیان لەسەر کرا، کونسوڵی گشتی بەریتانیا جەختیشی کردەوە کە وڵاتەکەی وەک هەمیشە گرینگییەکی تایبەت بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان بە تایبەتیش لە ڕووی مرۆیی و سەربازییەوە دەدات و هیواشی خواست ئەم هەماهەنگی و هاریکارییانە لە داهاتوودا بەردەوام بن و بگرە زیاتریش پەرەیان پێ بدرێ.

وەزیری ناوخۆ سیاسی حکومەت و گەلی بەریتانیای کرد کە لە شەڕی تیرۆریستانی داعش و بە بەردەوام هاوکار و پاڵپشتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوونە و هیواخواز بوو پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا بەردەوامبن و لەسەرجەم بوارەکاندا بەرەو پێش بچن.

شەرەفی ئەندامێتی پارتی بە 2300 هەڤاڵ بەخشرا

ئەحمەد کانی: لە 25ی ئەیلوول گەلی کوردستان گەورەترین سەرکەوتنی تۆمارکرد



بەبۆنەی تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان، لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕێورەسمێکی فراوانی جەماوەریدا شەرەفی ئەندامێتی پارتی بە2300 هەڤاڵ بەخشی.

بە چاودێری ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئامادەبوونی کارگێڕانی لق و بەرپرسانی لێژنە ناوچە و نووسینگەکانی سەر بە لقی دوو و هەڤاڵانی سنووری ئەو لێژنە ناوچە و نووسینگانە، لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هۆڵی ڕۆشنبیری شاری هەولێر لە ڕێورەسمێکدا شەرەفی ئەندامێتی پارتی بە2300 هەڤاڵ بەخشی.

لە سەرەتای مەراسیمەکە ئاری نانەکەلی کارگێڕی لق و بەرپرسی بەشی ئامار و داتا بەیسی لقی دوو لە وتەیەکدا پیرۆزبایی تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر ڕیفراندۆمی لە خەڵکی قارەمانی کوردستان بەگشتی و شاری هەولێر بەتایبەتی کرد و ئاماژەی بەوە کرد کە گەلی کوردستان ئیرادەی پۆڵایینی خۆی چەسپاند و گوتی: خەڵکی کوردستان بە تەواوی نەتەوە و پێکهاتە و ئایینی جیاوازی گەورەترین سەرکەوتنیان لە 25ی ئەیلوولی دوو ساڵ لەمەوبەر تۆمار کرد و بۆ دونیا سەلماندیان هێشتا گەلێک خواستی ئازادی و سەربەخۆیی یەکجارەکی هەیە، گەلێک دەیەوێ بەو وڵاتەی بونیاتی دەنێ لەسەردەمی ئەمڕۆدا، بێ بە فاکتەری ئارامی و سەقامگیری لە ناوچەکە، ئەنجامدانی ریفراندۆمیش بۆ سەربەخۆیی کوردستان بوو بە مێژوویەکی پڕ لە شانازی بۆ تەواوی گەلی کوردستان.

دواتر محەمەد خەلیل کارگێڕی لق و بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستنی لقی دوو لە وتەیەکدا پیرۆزبایی لەو هەڤاڵانە کرد کە لە یادی ڕۆژێکی مێژوویدا شەرەفی ئەندامێتی وەردەگرن لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و دووپاتی کردەوە کە خزمەتکردن لە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستان بە گەلی کوردستان و دۆزی ڕەوای گەلەکەمان.

بەرپرسێ لقێ 9: ریفراندۆم پرسەکا نەتەوی و نیشتیمانی یە و ئیرادەیا گەلێ کوردستانێ یە



خەبات ـ سالح محەمەد تەیرۆ

ل دریژەدان ب کار و چالاکییێن لقێ 9 و ب هەلکەفتا دوویەمین سالڤەگەرا ریفراندوما کوردستانێ کو پرسەکا نەتەوەیی و نیشتیمانی یە ، لقا ئاکرێ یا ئێکەتیا قوتابییێن کوردستانێ و ب هەڤکاری دگەل کولیژ و پەیمانگەها تەکنیکی ل ئاکرێ سمینارەک ل ژێر ناڤ ونیشانا ریفراندوم شانازیی یە بو ملەتێ مە و ل هولا پەیمانگەها تەکنیکی ل ئاکرێ و ب بەرهەڤبوونا جەماورێ سنورێ لێژنەییێن ناوچێن ئاکرێ و رزگاری ل هولا بارەگاییێ لقێ9 سیمینارەک بو بەرپرسێ لقی9 هاتە سازکرن و دڤان هەردوو سیمینارێن جودا جودا و پشتی پەیڤا بخێرهاتنێ و راوەستان و ڕێزگرتن ل گیانێ پیرۆزێ شەهیدێن تەڤگەرا رزگاریخوازیا کوردستانێ و سەر کاروانێ شەهیدان بارزانییێ نەمر و کاک ئیدریسێ هەردەم ساخ و پاش پیرۆزباهیکرنا ئەڤێ ڕۆژا دیروکی ، بەرپرسێ لقێ 9 دڤان سیمینارێن خودا ئاماژە دا ب گرنگیا پرسا ریفراندومێ بو سەربەخوبوونا کوردستانێ د بزاڤا رزگاریخوازیا کوردستانێ کو ئەڤە زێدەتر ل سەد سالایە ئەڤ مللەتە خەبات و تێکوشین و بەرخودان و قوربانیدانێ ددەت ل پێناڤ گشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی گفتوگۆیان لەسەر کرا، کونسوڵی گشتی بەریتانیا جەختیشی کردەوە کە وڵاتەکەی وەک هەمیشە گرینگییەکی تایبەت بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان بە تایبەتیش لە ڕووی مرۆیی و سەربازییەوە دەدات و هیواشی خواست ئەم هەماهەنگی و هاریکارییانە لە داهاتوودا بەردەوام بن و بگرە زیاتریش پەرەیان پێ بدرێ.

وەزیری ناوخۆ سیاسی حکومەت و گەلی بەریتانیای کرد کە لە شەڕی تیرۆریستانی داعش و بە بەردەوام هاوکار و پاڵپشتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوونە و هیواخواز بوو پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا بەردەوامبن و لەسەرجەم بوارەکاندا بەرەو پێش بچن.

خەبات ـ سالح محەمەد تەیرۆ

ل دریژەدان ب کار و چالاکییێن لقێ 9 و ب هەلکەفتا دوویەمین سالڤەگەرا ریفراندوما کوردستانێ کو پرسەکا نەتەوەیی و نیشتیمانی یە ، لقا ئاکرێ یا ئێکەتیا قوتابییێن کوردستانێ و ب هەڤکاری دگەل کولیژ و پەیمانگەها تەکنیکی ل ئاکرێ سمینارەک ل ژێر ناڤ ونیشانا ریفراندوم شانازیی یە بو ملەتێ مە و ل هولا پەیمانگەها تەکنیکی ل ئاکرێ و ب بەرهەڤبوونا جەماورێ سنورێ لێژنەییێن ناوچێن ئاکرێ و رزگاری ل هولا بارەگاییێ لقێ 9 و ب بەرهەڤبوونا جەماورێ سنورێ لێژنەییێن ناوچێن ئاکرێ و بزاڤا رزگاریخوازیا کوردستانێ کو ئەڤە زێدەتر ل سەد سالایە ئەڤ مللەتە خەبات و تێکوشین و بەرخودان و قوربانیدانێ ددەت ل پێناڤ گشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی گفتوگۆیان لەسەر کرا، کونسوڵی گشتی بەریتانیا جەختیشی کردەوە کە وڵاتەکەی وەک هەمیشە گرینگییەکی تایبەت بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان بە تایبەتیش لە ڕووی مرۆیی و سەربازییەوە دەدات و هیواشی خواست ئەم هەماهەنگی و هاریکارییانە لە داهاتوودا بەردەوام بن و بگرە زیاتریش پەرەیان پێ بدرێ.

وەزیری ناوخۆ سیاسی حکومەت و گەلی بەریتانیای کرد کە لە شەڕی تیرۆریستانی داعش و بە بەردەوام هاوکار و پاڵپشتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوونە و هیواخواز بوو پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا بەردەوامبن و لەسەرجەم بوارەکاندا بەرەو پێش بچن.

بەرپرسی لقی 16: بارزانی نەمر سیمبولی خەباتی میللەتێک بوو لەپێناو ئازادی نیشتمانەکەیدا



لەپێناو چەسپاندن و زیاتر بلاوکردنەوەی هزری نەتەوەیی و ئاشناکردنی تەواوی چین و تۆژە جیاجیاکانی کۆمەڵگای کوردستان بەتایبەتی چینی لاوان بەکلتوور خەبات و تێکۆشان و ڕێبازی پیرۆزی بارزانی نەمر بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەهاونیشتمانیانی سنووری شارۆچکەی بەستۆرە لێژنەی ناوچەی خانزاد سیمینارێکی بۆ بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان سازکرد . لەدەسپێکی سیمینارەکەیدا بەرپرسی لقی 16ی هەولێر ئاماژەی بە بەشێک لە خەبات و تێکۆشانی بارزانی نەمر کرد ئەو مرۆڤە مەزنەی زیاتر لەنیو سەدە لەپێناو رزگاری و بەدیهێنانی مافە نیشتیمانی و نەتەوەییەکانی گەلەکەمان تێکۆشا و لەوێستگەکانی خەباتیدا دەیان دەسکەوتی پڕ بەهای بۆ میللەتەکەمان بەدیهێنا کە ئەمڕۆ ئێمە و بەیانیش نەوەکانی دوای ئێمە لەسایەیاندا بەئازادی دەژین و بەجۆرێک هزری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری لەدڵی ڕۆڵەکانی میللەتەکەمان چەسپاند و ڕێبازێکی بۆ ئێمە بەجێهێشت کە هەموو میللەتەکەمان شانازی پێوە دەکەن. لەبەشێکی دیکەی سیمنارەکەیدا بڵند ئیسماعیل قولکردنەوە و بلاوکردنەوەی هزری نەتەوەیی بە ئەرکی هەموو لایەک زانی و داوای لەبەشداربووانی سیمنارەکە کرد هەوڵی زیاتر بدەن بۆ پەروەردەکردنی نەوەی ئێستامان بەبیری نەتەوەیی و نیشتمانی پەروەری لەپێناو بەدیهێنانی تەواوی ئەو مافە نیشتمانی و نەتەوەییانەی لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە لە میللەتەکەمان زەوتکراون .

قایمقامیەتی قەزای ناوەندی هەولێر:

ئەو شوێنانە تێکدەدرێن کە تێیاندا سەوزە بە ئاوی پیس ئاو دەدرێ

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی: لەسەر فەرمانی قایمقامی قەزای ناوەندیی هەولێر لە ڕێگای هێزی زێڕەڤانی و بەشی پۆلیسی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی شەش لەسەر ڕێگای هەولێر ـ موسڵ 17 شوێنی چاندنی سەوزە تێکدران لەبەر ئەوەی بەئاوی پیس و زێرابی مااڵن ئاو دەدران. شایەنی باسە دەستیش گیرا بەسەر سەرجەم ماکینە و ماتۆڕ و کەل و پەلەکان و ڕێکاری یاسایی بەرانبەر خاوەنەکانیان گیرایە بەر، هەڵمەتەکەش بەردەوام دەبێت لەپێناو پاراستنی تەندروستی هاوواڵتیان.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێز حامید بیارەیی

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کوڕەکەتان کاکە-مەسعود حامید بیارەیی-مان پێگەیشت. هاوخەمی بۆ خانەوادە بەڕێز و تێکۆشەرەکەتان رادەگەیەنین و سەرەخۆشی لەئێوە و خزم و دۆستانتان دەکەین. خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خواڵێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون

بارەگای بارزانی

پێشمەرگەی دێرین حەسەن حالی نەبی خوشکانەیی کۆچی دوایی کرد



خەبات ـ سەفەر یوسف میرخان ژاژوکی

دوای ململانێکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر پێشمەرگەی دێرین حەسەن حالی نەبی خوشکانەیی کۆچی دوایی کرد و دواتر لە گۆرستانی خوشکانی سەر بەدڤەری بارزان تەرمی خواڵێخۆشبوو بە ئامادەبوونی کەسوکار و هاوسەنگەر و جەماوەری دەڤەری بارزان بە خاک سپێردار.

خواڵێخۆشبوو پێشمەرگەی دڵسۆز حەسەن حالی نەبی خوشکانی ساڵی 1932 لە گوندی خوشکان لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لەدایکبووە، نەوەی قارەمانی ناودارە بارزانییەکان نەبی خوشکانی کە ساڵی 1914 لە موسڵ لەسێدارەدرا، ئەو بنەماڵەیە لە شۆڕشەکانی بارزان ڕۆڵیان هەبووە، خواڵێخۆشبوو حەسەن حالی خوشکانەیی هەتا گەورە بوونی زۆر غەریبی و دەردەسەری بینووە و لەدەستپێکی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لە ساڵی 1961 دەبێتە پێشمەرگە و لەگەڵ شەهیدی فەرماندە عومەر ئاغا دۆڵەمەڕی دابووە و بەشداری چەندەها داستانی ناوبانگی لە دەڤەری بادینان وەک لۆمانا سەر ئاکرێ و چەند شوێنی تر کە ڕۆڵی هەبووە و دواتر دەبێتە پاسەوانی بارەگای بارزانیی نەمر لە دەڤەری باڵەکایەتی، لە شۆڕشی گوڵان لە دەڤەری بارزان لە تەنزیمی ناوشاردا بووە و هەمیشە لە لایەک هاوکاری پێشمەرگەکانی هێزی بارزان دەکرد لە ڕووی هەموو پێداویستییەک و بەتایبەتی لە ڕووی خواردن، هەروەها لە ساڵی 1989 بۆ ای مستەفا حەسەن خوشکانی لە ناوچەی ئازادکراوەکان لە لایەن ڕژێمی بەعس شەهیدکرا، دوای ڕاپەڕین هەر پێشمەرگە بووە و لەبەر خەباتی چەندەها سااڵنەی بە پێشمەرگە خانەشین کراوە، کەسێکی ماندوونەناس و کۆمەاڵیەتی و کەسایەتی دەڤەری بارزان بووە، لە تەمەنی 87 ساڵی دا کۆچی دوایی کرد.


لە کەلار هۆڵی ریفراندۆم کرایەوە و بەرپرسی لقی 22ی گەرمیان کۆڕێکی تێدا ئەنجامدا

خەبات ـ سەربیە یوسف: لە ساڵی ڕۆژی ئەنجامدانی ریفراندۆمە شکۆدارەکەی خەڵکی کوردستان، هۆڵی ڕۆشنبیری ریفراندۆم لە لیژنەی ناوچەی گۆڵانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شارۆچکەی کەلار کرایەوە، یەکەم کۆڕیش لەسەر بایەخی و گرنگی ریفراندۆم لەلایەن بەرپرسی لقی 22ی گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەسترا. لەو بارەیەوە، حوسێن عەبدولکەریم بەرپرسی لیژنەی ناوچەی گۆڵانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەخەباتی ڕاگەیاند، دوێنێ لە دووەمین ساڵیادی ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی خەڵکی کوردستاندا، بۆ یەکەمجار هۆڵی ڕۆشنبیری "ریفراندۆم" مان لە لیژنەی ناوچەی گۆڵانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سنووری لقی 22ی گەرمیان کردەوە. وتیشی: هەر ئەمڕۆ لەنێوەندی ئەو هۆڵەدا کۆڕێکمان بۆ ئەکردم ساڵح بەرپرسی لقی 22ی گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان سازدا. ڕوونیشی کردەوە، یەکەم کۆڕی نێوهۆڵی ڕۆشنبیری ریفراندۆم لەسەر گرنگی ریفراندۆم بوو وەک دەستکەوتێکی سیاسی و یاسایی بۆ گەلی کورد. لەنێوەندی کۆڕێکەدا لە ساڵیادی ریفراندۆم، ئەکرەم ساڵح بەرپرسی لقی 22ی گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕایگەیاند ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆی کوردستان لە کاتێکی زۆر گونجاودا بوو کە سەرۆک بارزانی وەک سەرکردە و ڕابەری نەتەوەی کورد درکی بە هەستیاری کاتەکە کرد و زیاتر لە 93%ی خەڵکی کوردستان بە بەڵێ دەنگیان بە سەربەخۆی کوردستاندا.

باسی لەوەشکرد زۆر قسە لەسەر کاتی ئەنجامدانی ڕاپرسیەکە کراوە دەکرێ بۆ ئەوە بڵێین پێشتر یاخود دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لەبەهاری 1991 تا ساڵی 2003 هەندێک ناوچەی کوردستان کە بەناوچەی کوردستانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان ناسراون ، لەژێر دەسەاڵتی ڕژێمی ڕووخاوی بەعسدابوون و مەترسی ئەوە دەکرا ئەو ناوچانە لەکیس بچێ. زیاتر گوتی: دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسیش کورد چاوەڕوانی گۆڕینی دەسەاڵتدارانی عێراق بوو بەاڵم دەرکەوت دەسەاڵتدارانی عێراقییش بەشێوەیەک بوون کە بەداخەوە بەرامبەر بە کورد بە شۆڤێنیانە بیریان دەکردەوە. ئەو بەرپرسەی پارتی باسی لەوەکرد کاتی ئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ سەربەخۆیی لە کاتێکدا بوو کورد وەک نەتەوە بۆ جیهان دەرکەوت وەک نەتەوەیەکی ستەملێکراوی تینووی سەربەخۆی شەڕی دژ بە تیرۆر دەکات لەبری جیهان، بەدەر لەوەش کورد لەو پەڕی هێز و دەسەاڵتدا بوو بەرامبەر بە عێراق بەاڵم بەداخەوە کەسانێک لەنێو هێزێکی ناوخۆیی بە چاوساغی نەیاران پلانیان گێڕا لەدژی ریفراندۆم بەاڵم ریفراندۆم وەک بەڵگەیەکی یاسای و سیاسی بەدست کوردەوەیە هەر هەل و مەرجێک ڕەخسا کورد دەتوانێ لەرێگەی ئەو بەڵگەوە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دامەزرێنێ.



25ی ئەیلوول، ئەو رۆژە مێژووییەی کە لەیاد ناکرێت



وەیسی سەعید وەیسی

بەر لە دوو ساڵ بڕیەکەم جار لە مێژوودا خەڵکی کوردستان بەجۆش و خرۆشەوە لە 25/9/2017 بەڕەو سندوقی دەنگدان چوون و بە بەڵێ بڕیار لە ئایندە و چارەنووسی خۆیان دا و سەلماندیان کە خەڵکی کوردستانیش وەکو هەموو گەلانی دونیا حەقی خۆیەتی گوزارشت لەرای خۆی بکات.

چونکە سەربەخۆیی و دەوڵەت بوون شتێکی تازە و نامۆ نییە، بەڵکۆ هیوا و ئاواتی گەلی کوردستانە بەدرێژایی مێژوو و سەدەیەک بەرلە ئێستا شێخ عەبدولسەلام بارزانی بۆ ئەم مەبەستە تێکۆشاوە. هەڵبەت پرسی سەربەخۆیی مافێکی دەستووری و یاسایی و شەرعییە، لە هەمان کاتیشدا ئامانج و ستراتیژیەتی سەرجەم شۆرش و راپەرینەکانی گەلی کوردستان بووە، کە لەم پێناوەدا قوربانییەکی زۆرمان داوە کە پرسەکە گشتگیر و هەمەلایەنەیە و پەیوەستە بە ژیان و ئایندەی هەموو تاکێکی کوردستان، تا بە هۆیەوە دەبێ بە خاوەن دەوڵەت و کیان، بۆیەش سەرۆک مسعود بارزانی لەگەڵ لایەنەسیاسییەکاندا بڕیاری ئەنجام دانی ریفراندۆمی دا کە سوپاس بۆ خوای گەورە لەم بەرواردا گەلی کوردستان دەسکەوتێکی دیکەی میژوویان تۆمارکرد لە خەباتی گەلەکەمان، کە نزیک بە 93% بە بەڵێ دەنگی دا. لە پەراوێزی ئەم راستییەدا دەرکەوت لە 25ی ئەیلوولدا کوردستانیان بریارێکی راست و مێژوویان دا، بە دەنگی خۆیان بە جیهانیان راگەیاند کە کوردستانێکی سەربەخۆیان دەوێت، کە ئەمەش گەورەترین رووداوی مێژوویی بوو لە دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، کە سەرۆک مسعود بارزانی و هاوڵاتیانی چەند لایەنێک رۆڵیان هەبوو لە سەرخستنیدا، کە بۆ هەتاهەتایە بووە سەنەدێکی نەتەوەیی و دیکۆمێنتێکی شەرعی، چونکە گەر ئەم دەرفەتەمان لە دەست دابا زۆر ئەستەم بوو جارێکی تر ریفراندۆمێکی لەم شێوەیە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان ئەنجام درابا، بەڵام ناحەزانی دۆزی رەوای گەلەکەمان ئەمەشیان بە ڕەوا نەزانی، بۆیەش هەموو هەوڵێکیان بەگەرخست بۆ ڕێگری کردن لە ئەنجامەکانی ریفراندۆم، بەڵام لەمەشیاندا ئەوان سەرنەکەوتن، چونکە ریفراندۆم دەنگی سێ ملیۆن هاوواڵتی بوو نەک بڕیارێکی سیاسی تا وا بەئاسانی هەڵبوەشێتەوە، بەدڵنیاییەوە گەر خیانەتەکەی 16ی ئۆکتۆبەرڕووی نەدابا، ئەوا هیچ بڕیار و سزایێکی سیاسی و سەربازی و ئابووری کاریگەریی نەگەتیڤی لەسەر خەڵکی کوردستان دروست نەدەکرد، چونکە لە رابردووداو پێلانی گەورەتر و دۆخی سەختترمان بینیوە، بەڵام بەداخەوە ئەوەی سەدەیەکە بەخۆین و خەبات و قوربانی بەدیهاتبوو بەچەند کاتژمێرێک هەمووی تەسلیم بە داگیرکەران کرا، جگە لەوەی 16ی ئۆکتۆبەر رۆژێکی رەش و شووم بوو، لەهەمان کاتدا خیانەتێکی بێ وێنەش بوو لەخوێنی شەهیدان و پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان کرا، کە هەموو ئەو نەهامەتییانەی بەسەر کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکاندا هات دەرەنجامی خیانەتەکەی 16ی ئۆکتۆبەر، چونکە دەرکەوت کە گەلی کوردستان لەسەر ریفراندۆم سزا نادرێت و مووچە و بودجەی نابردرێت، بەڵکو لەسەر کوردبوونە، لەیادمانە لە سەرەتای مانگی شوباتی ساڵی 2014 بوو کە مووچە و بودجەی کوردستان لە بەغدا بردرا، کە ئەوکات ریفراندۆمیش نەکرابوو، ئەوەی لە دوای ریفراندۆمیش هاتە ئاراوە بەهۆی پیلانی تاقمێک بوو کە تەنها رەچاوی بەرژەوەندیی خۆیان و گیرفانیان کرد، بۆیەش کاتی هاتووە لە سااڵیادی ئەنجامدانی ریفراندۆم غەدریان لە گەلی کوردستان کرد.

6- گرنگە خەڵکی کوردستان بە گەشبینییەوە سەیری ئایندەی کوردستان بکەن کە رۆژێک دادێت بەرهەم و هەوێنی ریفراندۆم دەبینن کە سەرۆک مسعود بارزانی لەپەیامەکەیدا جوانی فەرموو (دەنگە زوڵاڵ و بەرزەکەی گەلی کوردستان بۆسەربەخۆیی بەفیرۆ ناچێت، رۆژێک دێت بەرهەمی دەبێت).

7- خەڵکی کوردستان وەفاداربوون و پاداشتی ریفراندۆمچییەکانیان دایەوە بەجۆرێک لەماوەی کەمتر لە ساڵێک تێپەربوون بەسەر پرۆسەی ریفراندۆم دوو گەورەترین پرۆسەی هەڵبژاردن لە عێراق و کوردستان بەرێوەچوون، خەڵکانێک خەونیان بەمەرگی سیاسی پارتییەوە دەدیت کە جەماوەر سزای بدات، بەڵام رێک پێچەوانە دەرچوو کە جارێکی تر لەهەمبەر هەڵوێستە نەتەوەییەکانی پارتی پاداشتیان کرد و متمانەیان پێدایەوە و وەک حزبی یەکەمی کوردستانی لە عێراق و کوردستان مایەوە، چونکە هەموو لایەک چاک ئەو راستییە دەزانن گەر سەرۆک مسعود بارزانی و شێرەکۆرانی رێبازی بارزانی نەبان، جگە لەخوای گەورە کەس نەیدەزانی چارەنووسمان چی لێ دەهات، بەڵام حیکمەتی سەرۆک و قارەمانەتی پێشمەرگە و خوێنی ئاڵی شەهیدان توانییان لە شکست و بێ ئومێدیدا هیوا و ئومێد و نەخشەرێگای سەرکەوتن دروست بکەنەوە و بەسەر پیلانەکاندا سەربکەون.

ماوەتەوە لە ساڵیادی ریفراندۆمدا لەناخی دڵەوە پیرۆزبایی ئاراستەی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکان و خەڵکی کوردستان و سەرۆک مسعود بارزانی بکەین، بەئومێدی گەیشتنمان بەم ئاواتە دێرینە.

ریفراندۆم و بەرهەمەکەی هەرگیز خامۆش نابن

ڕێبین ڕەحیم

عێراق وەک دەوڵەتێکی ناوچەکە پرۆژەیەکی دروستکراوی کۆڵۆنیاڵیزمە، بەجۆرێک ئەم دەوڵەتە بەپێی ستاندارد و یاسا کارپێکراوەکانی دەوڵی بنەماکانی دەوڵەتێکی تەندروست و تەواوی تێدا نییە و هەر لە بنەڕەتەوە دەوڵەتێکی نوقسانە.

باشوری کوردستان کە سەربە ویلایەتی موسڵی حکومڕانی خەلافەتی عوسمانی بوو، لە سەروبەندی دابەشکردنی کێکی خەلافەتی عوسمانی و کۆتاییهێنان بە حکومڕانی پیاوە نەخۆشەکە بەبێ ویستی خۆی لکێنرا بەم دەوڵەتەوە کە ناوی عێراقە و لەو رۆژەوە تا ئێستا و لە هەموو قۆناغەکاندا هەوڵی ڕزگاربوون و ئازادی و سەربەخۆیی لەم عێراقە داوە و تا ئێستاش هەوڵەکان بەردەوامی هەیە.

مێژووی سەد ساڵی ڕابردووی بزافی ڕزگاریخوازیی کورد لە باشووری کوردستان هەرگیز خامۆش نەبووە و گیانی بەرگری و خۆنەچەماندن بەردەوامی هەبووە و تا ئێستاش هەیە، چونکە دەوڵەتی عێراق لەوماوەیەدا ئەوەی پێیکراوە بۆ سڕینەوە وجینۆساید و لەناوبردنی گەلی ئێمە دریغی نەکردووە و ئەوەی نەیکردووە نەیتوانیوە بیکات، لەدوای کەوتنی ڕژێمی دیکتاتۆر لەساڵی 2003و کۆتاییهاتن بەدەسەڵاتدارێتی زیاد لە 80 ساڵی سوننە، حکومڕانی شیعە دەستپێدەکات لەعێراقدا کە ئەوانیش وێڕای هاوسەنگەری و هاوخەباتی بۆ ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆر جارێکی دیکە هەوڵی سڕینەوە و جینۆسایدکردنیان داین و لەماوەی 16 ساڵی فەرمانڕەواییاندا 55 مادەی دەستووری هەمیشەیی عێراقیان پێشێل کردووە و سوپا و تانکیان ڕووکردەوە کوردستان و هەوڵی سڕینەوەیان داین، بەڵام نەیانتوانی.

سەرەنجامی ئەم هەموو جینۆساید و کۆمەڵکوژی و هەوڵی سڕینەوە و نەهێشتنی ئێمە وەک نەتەوەی کورد و تەواوی کوردستانیانی باشوور، ئیتر پێویست بوو بیر لە ئەڵتەرناتیڤی دیکە بکەینەوە بۆ پارێزگاریی لەخۆمان و شکست پێهێنانی سڕینەوەی ئەزموونەکەمان کە ئەویش پەنا بردن بوو بۆ(ڕیفراندۆم).

ڕیفراندۆم وەک چەمک لە ساڵی (1889)ز لەسەردەمی شۆڕشی فەڕەنسی(ڕێنسانس) بەکارهێنرا و ئەمریکییەکانیش لە ساڵی (1776)ز وەک بەکارهێنان بەکاریان هێنا بۆ ڕاپرسی و دەنگدان بە دەستووری هەمیشەیی وڵاتەکەیان، مێژووی بەکارهێنانی ڕیفراندۆم وەک ئاکت و چالاکی سیاسی بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی، دەگەڕێتەوە بۆ (1846)ز کە لیبریا سەربەخۆیی خۆی و جیابوونەوەی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕاگەیاند.

ڕیفراندۆم وەک چەمک و زاراوەی یاسایی مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەرچوونی بڕیاری ژمارە 1514 لە 14ی کانونی یەکەمی ساڵی 1960 لە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەم پرۆژە یاسایەدا هەموو جۆرەکانی ڕیفراندۆم بۆ بابەتی سیاسی و یاسایی و دیپلۆماسی جارنامەی سەربەخۆ بوون و مافی چارەی خۆنووسینی تێدایە و ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە برگەی دووەم لەمادەی یەکەمی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانی ژمارە 1514ی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە و لە برگەی یەکی مادەی یەکی ساڵی 1966 کە تێیدا هاتووە (هەموو گەلێک مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی هەیە و دەتوانێت بەڕێکارە یاساییەکان چارەنووسی خۆی دیاری بکات و بڕیار لەسەر ئایندەی سیاسیی خۆی بدات).

بەشێک لە دەوڵەتەکانی دونیاش لەژێر ڕۆشنایی ئەم پرۆژە یاساییە جیهانییە سەربەخۆیی خۆیان بەدەستهێنا لەوانە: (کەمبۆدیا لەساڵی 1945و جەزائیر لەساڵی 1961و لاتیڤیا لە ساڵی 1991و ئیستۆنیا لەساڵی 1991 بۆسنەو هەرسک لەساڵی 1992و باشووری سودان لەساڵی 2011و سکۆتلەندا لەساڵی 2014).

باشوری کوردستان لە دوای بێ هیوابوون لە پێکەوە ژیان لە عێراقی کۆن و نوێی دوای ڕژێم و بڕینی بەشە بوودجە و مووچەی کوردستان و پێشێلکردنی 55 مادەی دەستووری لەلایەن بەغداوە، ئاشتیانەترین ڕێکاری هەڵبژارد تا سەربەخۆیی بەدەست بهێنێت و خۆی لەم عێراقە داگیرکەرە ڕزگار بکات، ئەویش (ڕیفراندۆم)ی سەربەخۆیی بوو.

ڕیفراندۆم ترۆپکی خەباتی گەلی ئێمەیە لەباشوور بۆ قەرەبووکردنەوەی هەموو ئەو خەبات و خوێنەی سەد ساڵە بۆ ئازادی دەیڕژێن و خاکی کوردستانی پێ پاراو دەکەین.

لەڕیفراندۆمدا بە دەوڵەتی عێراق و جیهانمان گوت ئیتر ئێمە ژێردەستەییمان قبوڵ نییە و سەربەخۆیمان دەوێت و نامانەوێت چیتر خوێن لەنێوانماندا بڕژێت، فەرموون با پێکەوە بژین و هاوسێ و جیرانی باش بین و پێکەوە ئاشتیبیانە بژین.

لەدوای ڕاپەڕین و کۆڕەوی ملیۆنی و دروستکردنی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان، چالاکترین جوڵەی سیاسی کە کردبێتمان ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بوو، بەجۆرێک نەتیجەی ئەم هەنگاوە گرنگەی کە هاویشتمان لە ڕیفراندۆمدا ئێستا دۆزی گەلی ئێمەی کردووە بەکەیسێکی سیاسیی جیهانی و لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە دەڕچوو و تابعێکی جیهانی وەگرتووە، ڕیفراندۆم سنووری لۆکاڵییەکانی بەزاند و بوو بە قەڵغانێک بۆ پاراستنی کوردستان، کە بێگومان ئەگەر ئێستا عێراق نزیکبوونەوە و تێگەشتنێکی باشتری هەیە، بەرهەمی و خواستی ڕیفراندۆمە کە وای لە بەرپرسانی عێراق و ناوچەکە و جیهان کرد بەرامبەر داخوازی گەلی ئێمە نەرمی بنوێنن و بێنە پێشەوە. لێرەوە گرنگە بەجیهان بڵێین ئێمە لە ئێستادا تەنها نەتیجەی ڕیفراندۆمان هەڵپەساردووە، ئەگینا بەرهەمەکەی هەروەک خۆیەتی و کەس ناتوانێ ئەم پرۆسە گرنگە ژێر خاک بکات.





یەحیا فایەق جاف

25ی ئەیلوول رۆژی گەل و سەرۆکمان

لە سایەی سیاسەتی حەکیمانەو کوردپەروەرانەی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی، ڕێبەری نەتەوەییمان، ئەمڕۆ گەلەکەمان خاوەن تاپۆی سەربەخۆیی کوردستانە، ئەو تاپۆیەی کە بە هەرچی هێزی ئەم دونیایە هەیە ناتوانرێت نە بسڕێتەوە نە هەڵبوەشێندرێتەوە، چونکە سەرچاوەی ڕەوایەت و هەقیانەتی تاپۆیەکە و مۆڵکییەتی هەمیشەیی بەناوی گەلی کوردستانەوەیەو هەر گەلەکەشمان دەتوانێت بڕیاری یەکەم و کۆتایی لەسەر ئەم تاپۆیە بدات.

بەداخەوە زۆرێک لە ژێر جۆرەها ناو و مەترسی و بیانووی لاوەکی و ناواقیعیدا، ئەوکات دژایەتی ڕیفراندۆم و سەرۆک و ڕێبەرمان جەنابی کاک "مسعود بارزانی"یان کرد، لە ئێستەدا بەشێکیان لەو دژایەتیکردنەیان پەشیمان بوونەتەوە و هەستیان بە هەڵەکانی خۆیان کردووە، ڕۆژێک دادێت ئەو بەشەکەی دیکەشیان دەگەنە ئەو بڕوایەی، کە چەند هەڵە بوونە و پەشیمان دەبنەوە، بێگومان لە نێو ئەو بەشە هەندێک وەدەرن لە باشبوون، چونکە ئەو هەندە کاریان بووەتە دژایەتیکردنی هەموو هەنگاوێکی نیشتمانیانەی پارتی و هەرێمی کوردستان، ئەم هەندە باشبوونیان زەحمەت و ئەستەمە.

ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، مافی هەموو تاکێکی کوردستان بوو، ئەم مافە لە یاسا نێودەوڵەتییەکانیشدا بە ئاشکرا دەستەبەرکراوە، وەکو هەموو ئەو گەلانەی، کە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆن و بەو مافە گەیشتوون، ئێمەش ئەو مافەمان هەیە، هیچ وڵات و گەلێک لە خۆمان بە شایستەتر نازانین، ئەوانەی گەیشتوونەتە ئەم مافە، هیچیان لە میللەتی ئێمە زیاتر نییە، چۆن ئەوان ئەو مافەیان بەدەستهێناوە و پێی گەیشتوون و ئەمڕۆ خاوەن دەوڵەت و ئاڵا و خاکی خۆیانن، ئێمەش بە دەستی دێنین، دەبینە خاوەن ئەو مافانە، ئەمەی ئێمە تەنها پەیوەستە بە دۆخی ناوچەکە و کاتەوە و زیاتر نا.

شۆڕشەکانی گەلەکەمان و لە ئێستەشدا حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بە سەرۆکایەتی خوالێخۆشبوو جەنەرالّ و ڕێبەری کوردایەتی مەلا مستەفای بارزانی، هەموو ڕێگاکانی ئاشتیان لەگەڵ دەسەلاتدارانی عێراق تاقیکردەوە، بەداخەوە بە هۆی نەبوونی ئیرادەیەکی ڕاستەقینە لای حکوومەتی عێراقی ئەوسا و ئێستەش، دوای هەر گفتوگۆیەک دەگەڕێینەوە سەر خاڵی سەرەتا!

دەسەلاتدارانی عێراق هەمیشە خۆیان بە خاوەن ماڵ و هەموو مافێک زانیووە، چی خۆیان ویستوویانە هەق و ڕەوا بووە، ئەوەی ئێمەش ویستبێتمان جێگای بایەخی ئەوان نەبووە!! لە ڕاستیدا زۆربەی هەرە زۆری حزبە سیاسییەکانی ئێستەی عێراق بە چاوی هاوولاتی پلە دوو تەماشای ئێمەی کوردستانییان دەکەن، بگرە لای هەندێکیان ئێمە جوداخوازین و داواکارن حکوومەتی عێراق بە زەبری هێز ڕووبەڕوومان ببێتەوە! لە دیدی بەشێک لەوانە، ئێمە هەقی ئەوەمان نییە داواکانمان هاوشانی داواکانی ئەوان بێت!.

بۆیە من وای دەبینم جیابوونەوە لە عێراق هەر ڕوودەدات، جا ئێمە ئەو ڕۆژە دەبینین یاخود نا، ئەمەیان پەیوەستە بەو کاتی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەوە کە لەسەرەوە باسم کرد، بەڵام ئەگەر عێراق وەکو ئەمڕۆ بەڕێوەببردرێت و هەر ڕۆژە و حەشدی شیعەکان داواکارییەکی زەبەلاحی خۆبەڕێوەبردن و دەوڵەتبوونی سەر بە خۆیان هەبێت و بە ڕوون و ڕەوان قسەی لەسەر بکەن، هاوشێوەی دوا داواکارییان بە دامەزراندنی هێزی ئاسمانی سەر بە خۆیان!، بە دڵنیاییەوە زۆر ناخایەنێت، پووکانەوەی دەوڵەتی ئێستەی عێراق دەبینین و جیابوونەوە ڕوودەدات!. چونکە ئەوکات دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی نامێنێت بە ناوی عێراقەوە!.

سڵاف ل شۆڕشا ئیلونێ...

ئەو شۆڕشا مللەتێ کورد ب دونیایێ ناساندی



سەباح بەیتوللا

لبەراهیێ من دڤێت پێناسەکا کورتا شۆڕشێ بکەم لدویڤ پێزانینا خۆ، شۆڕەش گوهڕینە ژ سەروبەرەکێ بۆ ئێکی دیتر، ژ بن دەستیێ بۆ رزگاریێ، ژ دیکتاتوریەتێ بۆ دیموکراسییێ...هتد. ئەگەر ئەو شۆڕەش نەشێت واقعێ وێ قوناغێ بگوهڕیت و چ پێنگاڤا بۆ پێشدا نەهاڤێژیت و ئەگەر شۆڕەش ل پشتی هەلبینا چریسکا وێ تەشەنێ نەکەت و بەرفرەه نەبیت نابێژنە وێ شۆڕەش و دێ بێژنێ رووبدان.

مەزن د تەمەنێ خۆ یێ شورەشێدا هەمی پرەنسیپێن دیموکراسیەتێ جێبەجێ کرن و سەرەڕای هندێ ژی هەمی چەک و کریارێت هژڤەتی دژی مللەتێ کورد دهاتنە بکارئینان وەکی ناپالّم و فسفۆر و سیانید و بومبێت ویشیەی، لێ شورەشا ئیلونێ ئێک کریارێت تیروریستی ژی ل دژی رژێمێ ئەنجام نەدا، لەوما ب شۆڕشەکا راستەقینە و بلند و بێگەرد هاتە ئەژمارکرن و ئەو سەرفیرازیا نهۆ یا مللەتێ کورد ژی شانازیێ پێڤەدکەت دزڤرێتەڤە بۆ پاکی و بێگەردیا شۆڕشا مەزنا ئیلونێ و ڕێبەرێ نەتەوا کورد مستەفا بارزانی.

شۆڕشا ئیلونێ هەلبوو پشتی هەمی دەرگەهێت دیالوگ و دانوستاندنێ دگەل رژێما وی سەردەمی هاتنەگرتن و ژ سۆز و پەیمانێت خۆ پەشێمان بووەڤە و شەڕ ب سەر مللەتێ کوردا فەرز کر، لەورا ب نەچاری مللەتی بەرەڤانی ل مان و نەمانا خۆ کر و چریسکا شۆڕشا مەزنا ئیلونێ ل 11/9/1961 ب سەرکردایەتیا پارتیامە و ب ڕێبەریا بارزانیێ نەمر دیپلوماسی، هەتا رژێم نەچار کر تەسلیمی ئیرادا شاهێ گۆر ب گۆرێ ئیرانێ ببیت و دەستا ژ ئاخا عیراقێ بەردەت ئەگەرنە تڤیا سەری بۆ شۆڕشا ئیلونێ چەماندبا چونکی شیرازا رژێمێ لبەرئێک هەلوشاندبوو، لدویڤ ڕێکەفتنا خیانەتکاریا ناڤدەولەتی خیانەتکاریا ب ڕۆژا 6ی ئادارا 1975ێ) دهێتە نیاسین، شۆڕشا مەزنا ئیلونێ بۆ دەمەکێ ڕاوەستا و ئەڤەژی ڤەدگەڕێتەڤە بۆ بلیمەتیا بارزانییێ نەمر کۆ مللەتێ کورد ژ قرکرنا بکۆم رزگار کر و شۆڕش ب هێزتر هاتەڤ مەیدانا خەباتێ و شورشا گوللانا نیشتمانیا پێشکەفتنخواز هەلبوو کۆ درێژەپێدەرا شۆڕشا ئیلونا مەزنە.

شۆڕش هاتەکرن داکو وەلاتێ خۆ ئازاد بکەت، خەلکێ خۆ ئازاد بکەت، چونکی چ وەلاتەک یێ ئازاد نییە ئەگەر مللەتێ وی یێ ئازاد و سەرفیراز نەبیت، چەند جوانە مرۆڤ بۆ وەلاتێ خۆ بمریت بەلێ یا ژوێ جوانتر ئەوە تۆ ب ئازادی ل سەر وەلاتێ خۆ بژی. دبێژن نەخوش زانا و دکتورا دروست دکەت، هەژاری... خەلکێ سەخی دروست دکەت، زولم و زوردارى ژی خەلکێ فیداکار و شۆڕشگێر دروست دکەت.

شۆڕشا ئیلونێ دژی زولم و زوریێ ڕاوەستا و خەلکێ قەهرەمان و خەباتکار و فیداکار دروست کرن و خۆ کرنە قوربانی و گۆری بۆ ئازادیا کوردستانێ.

هەمی نەتەوەیەکێ مافێ هندێ هەیە ب ئازادی بژیت، دەولەتا خۆ یا سەربخۆ هەبیت و سیستەمێ ژینا خۆ دیار بکەت، چونکە مرۆڤ ب ئازادی ل دایک دبیت و تڤیا بۆ ئازادییێ بژیت و ژبوونا ئازادییێ ژی بمریت.

لەورا جەنابێ سەرۆک مەسعود بارزانی ریفراندۆم سەرئێخست و (93%) خەلکێ کوردستانێ گوتە پەیاما جەنابێ سەرۆک بارزانی بەلێ بۆ سەرخوبون و دەولەت بوونێ، چونکی جەنابێ وی باوەڕی ب ئازادییێ هەیە و بۆ ئازادیا مللەتێ خو ژی یێ بەرهەڤە خۆ بکەتە قوربانی و گوری ... هەروەکی جەنابێ سەرۆک مەسعود بارزانی دپەیڤەکێ دا دبێژیت: ئەز لبن سێبەرا ئالایێ کوردستانێ ژ دایک بوویم و ئامادەمە ژی لبن سێبەرا وی ئالای دا ژی سەرێ خۆ دانیم ... پیرۆزە ب بیرهاتنا شۆڕشا ئیلونێ ل هەمی گەلێ کوردستانێ.

سڵاڤ بۆ وێ تڤەنگا ل شۆڕشا مەزنا ئیلونێ دەنگ لێهاتی بەرامبەر دوژمن و داگیرکەرا...

سڵاڤ بۆ پێشمەرگێت قەهرەمانێت ئیلونێ کو شەنگەستێ بەرخودانێ و فیداکاریێ دانای و ئەزمونا نهۆ ژی بەرهەمێ وێ شۆڕشا مەزنە ..

سڵاڤ ل ڕێبەر و سەرکێشێ شورەشا مەزنا ئیلونێ بارزانییێ نەمر بن ..

سڵاڤ ل سەرکردێ هەردەم ساخ ئێدریسێ جوانەمەرگ کو ڕولەکێ مەزن و کاریگەر هەبوو ل شورەشا ئیلونێ و نەخاسمە ل داستانا بناڤ ودەنگا هندرینی ..

سلاڤ بۆ سەروکێ هێژا مەسعود بارزانی کو پێشمەرگێ شورەشا مەزنا ئیلونێ بوویە و ڕوولەکێ کاریگەر هەبوویە دڤێ شورەشێ دا، کو ل 20/5/1962ێ بوویە پێشمەرگە و چەکێ شەرەف و کەرامەتێ هەلگرتی بو ئازادیا کورد و کوردستانێ ..

سلاڤ بۆ هەمی شەهیدێن شۆڕشا مەزنا ئیلونێ و تەڤایا شەهیدێن کوردستانێ ..

ل دویماهیێ دبێژین بیرهاتنا شۆڕشا مەزنا ئیلونێ ب بیرهاتنا دەستکەفت و سەروەریایە. ب بیرهاتنا وانە و پەندو ئەزمونایە.. ب بیرهاتنا بەرخودان و فیداکاریێ یە، ب بیرهاتنا وێ ڕێبازێ یە کو ب ئارمانجاڤە یا گرێدایە نەک ب مەرجاڤە و ئەو ژی ڕێبازا پیرۆزا بارزانییێ نەمرە.



ریفڕاندۆم شۆڕشێکی سپی بوو بۆ سەربەخۆیی



دانا جەواد

گەلی کوردستان چەندین سەدەیە دژی جەور و ستەمی دوژمن بە گشتی شۆڕشی بەرپاکردووە، بە تایبەتیش باشووری کوردستان چەندین شۆڕشی یەک لەدوای یەکی بەرپاکردووە لە دژی ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکانی عێراق، هەر لە سەرەدەمی پادشایەتییەوە تا دەگاتە بەناو عەلمانییەکانی ئەمڕۆ کە حوکمداری بەغدا دەکەن.

شۆڕشی مەزنی ئەیلول لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بە سەرکردایەتی بارزانیی نەمر و بە بەشداری هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی کوردستان، لە دژی ڕژێمی بەعسی لەناوچوو هەڵگیرسا، کە توانی چەندین دەستکەوتی گەورە بۆ کوردستان مسۆگەر بکات کە دیارترینیان وەرگرتنی مافی چارەی خۆ نووسین (ئۆتۆنۆمی) یان خۆبەڕێوەبەری بوو، کورد توانی ببێتە خاوەنی ناسنامە و خاکی خۆی کە چەندین سەدەیە داگیرکراوە، میژووش پێمان دەڵێت ئەو شۆڕشانەش بەردەوامییان دەبێت تا ئەوکاتەی کە کوردستان بە تەواوی سەربەخۆ دەبێت و لە بندەستی داگیرکاران ڕزگاری دەبێت.

لێردا دەمەوێ هەڵوەستەیەک بکەم لەسەر ئەو ڕیفراندۆمەی کە لە ئەیلولی 2017 دوای سەدەیەک لە ڕێککەوتنامەی سایکس-پیکۆ، بەسەرکردایەتی سەرۆک مسعود بارزانی ئەنجامدرا کە هیچی لە شۆڕشێکی سەرتاسەری کەمتر نەبوو، ئەوکات کوردستانیان بەتێکڕایی بە پیر و گەنج، ژن و پیاو، کورد، تورکمان، ئاسوری، کلدانی، سریانی، ئەرمەنی و ئێزدی تێکڕا بەرەو سندووقەکانی دەنگدان ڕۆیشتن و میژوویەکی گەورەیان تۆمار کرد کاتێک بە ڕێژەی 92.3% دەنگیان بە بەڵێ دا بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

بەمەش شۆڕشی سپی کە سندوقی دەنگدان بوو ئەنجامدرا کە تێکڕای خەڵکی کوردستان دەنگیان هەڵبڕی و گوتیان نا بۆ بندەستی، بەڵێ بۆ سەربەخۆیی.

جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی وەک دریژەدان بە شۆڕشەکانی نیوسەدەی ڕابردوو کە لە زۆربەیاندا بەشداربییەکی کارای هەبووە، توانی ئیرادەی کوردستانیان بۆ هەموو گەلانی دونیا بسەلمێنێت کە کوردستانیان داوای دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەکەن و نایانەوێ چیتر لە بندەستی عێراقی تایەفەگەری بژین.

ئەم دەرفەتەش لە تەواوی میژووی کوردستان لە دوای کۆماری کوردستان لە مهاباد و شۆڕشە چەکدارییەکان بە یەکەمین دەرفەتی دیموکراسی و شارستانی دادەنرێت کە زۆرینەی گەلانی دونیا بەم ڕێگایە سەربەخۆییان فەراهەم کردووە، ڕەنگە بپرسین ئایا دوای ڕیفراندۆم بۆچی نەبوینە خاوەن دەوڵەت؟ لێردا گەلێک هۆکار هەن کە بوونە ڕێگر لەبەردەم ئەم پڕۆسەیە کە هۆکاری سەربازی و سیاسی بوون بە تایبەت خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەر کە نەک هەر بووە ڕێگر لەبەردەم تەواوکردنی پڕۆسەکە، بەڵکو خەونی کوردی بۆ ماوەیەکی نادیار دواخست کە خواستی کوردستانیان سەربەخۆیی و دەوڵەتە، بەڵام من گەشبینم و پێموایە ئەنجامی ڕیفراندۆم وەکو دراوی سپی وایە بۆ ڕۆژی ڕەش بە کەڵکمان دێت! هەروەک جەنابی سەرۆک بارزانی لە ڕاگەیەندراوێکی بۆ ڕای گشتیی کوردستان و عێراق و جیهان فەرمووی " ئەو دەنگە زوڵاڵە بەرزەی کە بۆ سەربەخۆیی کوردستان خستتانە ڕوو و گەیاندتانە گشت گەلان و وڵاتانی جیهان ڕۆژێک لە ڕۆژان بەفیڕۆ ناچێت و بە فیڕۆیشی نادەین".

تا ئەو سەرۆکە بەهێز و خاوەن ئیرادە مەزنە هەبێت ئومێدی سەربەخۆیی لە ناخی هەر تاکێکی کورد بە زیندوویی دەمێنێتەوە، لەم بۆنەیەدا سلاو و دروود بۆ ڕۆحی پاکی شەهیدانی ڕێگای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان دەنێرین، هەروەها سوپاسی قارەمانیەتی پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکان و ڕیفراندۆمچییەکان دەکەین.

محكمة الاحوال الشخصية في العمادية
العدد/٧٨/ش/٢٠١٩
التاريخ/٢٠١٩/٩/٢٤
اعلام
الى المدعى عليه (فرست هدايت احمد) مجهول محل الاقامة
اقامت المدعية (بيان عارف محمد) الدعوى الشرعية المرقمة (٧٨/ش/٢٠١٩) عليك امام هذه المحكمة والتي تطلب فيها ب (التفريق بينكما للهجر وتحميلك كافة المصاريف واتعاب المحاماة) عليه ولجهولية محل اقامتك حسب اشعار مختار محلة كرى باصي ناشتي المرفق بكتاب مديرية التبليغات القضائية في دهوك بالعدد (٢٤٢٦) في ٢٠١٩/٩/١٩ قررت هذه المحكمة تبليغك عن طريق النشر في صحيفتين محليتين يوميتين للحضور في يوم المرافعة المصادف يوم ٢٠١٩/١٠/٦ وعند عدم حضورك او ارسال من ينوب عنك سوف تجرى المرافعة بحقك غيابيا حسب الاصول
القاضي / طارق رمضان صالح

***

دادگای باری کەسایەتی / زاخو
ژمارە / ٦٢٤/ش/٢٠١٩
رێکەوتی / ٢٠١٩/٩/٢٢
راگەهاندن
بو / داواتێکراو : جهانگیر عبدالعزیز جهانگیر
ل دیف داخوازا داواکاری (نجلاء جمیل شهباز) وکێشا ژمارە (٦٢٤/ش/٢٠١٩) کو تێدا داخوازا پەسەندا مارابرینا دەرەکی ل (٢٠٠١/٨/٧) ناف بەرا تە و داواکارێ ل سەر مارا پشکە (١٠,٠٠٠ دەە هزار دینار عراقی) ومارا پاشەکی (١٩,٥ نۆزدە مسقال ونیف زیر عیار ٢١) وداخوازا گەهاندنا رەها زاروکی (شیرزاد) کورە دایک بوون (٢٠٠٥/١٢/١) جهێ بوونا وی ل موصل بو تە و بو داواکاری وژبەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو ڤێ دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێن بولیسین بیدار یاژمارە (٢٧٤٩) ل (٢٠١٩/٩/١٧) و نڤیسارا بەربژارێ تاخن (شەهیدان ١/) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتنە کرن ب رێکا دوو روژنامێیت روژانە دا ئامادە بی ل ڤێ دادگەهێ ل روژا (٢٠١٩/٩/٣٠) ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بریکارەکێ ژ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەرۆفاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتنە کرن .
دادوەر / دارا طاهر توفیق

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
لێژنەی فرۆشتن وبەکرێدانی دووەم لە بەڕێوەبەرایەتی
گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
ژمارە: ٥٤/١٠٠
رێکەوت: ٢٠١٩/٩/٢٣
ئاگاداری
لێژنەی سەرەوە هەڵدەستی بۆ جاری دووەم بە بەکرێدانی (٢٥) دوکان مولکی شارەوانی شەقلاوە بەم شێوەی کە لەخوارەوە دیار کراوە ئەوکەسەی نیازی بەشداربوونی هەیە لە زیادکردنی ئاشکرا باسەر لە سەرۆکایەتی شارەوانی شەقلاوە بدات مزایدەکە ئەنجام دەدرێت لە رێکەوتی ٢٤/ ١٠ /٢٠١٩ کات ژمێر (١١,٣٠) یانزە ونیوی بەیانی لە رۆژی دیار کراو کرێگرتەش دەبێ بارمتەی یاسایی بەرێژەی (٢٠٪) لە کرێ ی خەملێندراو لەگەڵ خۆی بهێنی کرێ ی بڵاوکردنەوە وخەرجی تریش دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.
١- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (١١) بەرامبەر مزگەوتی گەورە لە سنوری شارەوانی شەقلاوە رووبەر بەم٢/ ٢٥٣م٢ کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی رووبەر/ ٤٨٠٠٠٠٠ چوار ملیۆن وهەشت سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیاد کردنی ناشکرا.
٢- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (١٢) بەرامبەر مزگەوتی گەورە لە سنوری شارەوانی شەقلاوە رووبەر بەم٢/ ٢٤م٢ کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی رووبەر/ ٨٤٠٠٠٠ هەشت سەد وچل هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیاد کردنی ناشکرا.
٣- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (١٣) بەرامبەر مزگەوتی گەورە لە سنوری شارەوانی شەقلاوە رووبەر بەم٢/ ٢٤م٢ کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی رووبەر/ ٨٤٠٠٠٠ هەشت سەد وچل هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیاد کردنی ناشکرا.
٤- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (١٤) بەرامبەر مزگەوتی گەورە لە سنوری شارەوانی شەقلاوە رووبەر بەم٢/ ٢٤م٢ کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی رووبەر/ ٣٦٠٠٠٠ سێ سەد وشەست هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیاد کردنی ناشکرا.
٥- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (١٥) بەرامبەر مزگەوتی گەورە لە سنوری شارەوانی شەقلاوە رووبەر بەم٢/ ٢٤م٢ کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی رووبەر/ ٣٦٠٠٠٠ سێ سەد وشەست هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیاد کردنی ناشکرا.
٦- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (١٦) بەرامبەر مزگەوتی گەورە لە سنوری شارەوانی شەقلاوە رووبەر بەم٢/ ٢٤م٢ کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی رووبەر/ ٣٦٠٠٠٠ سێ سەد وشەست هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیاد کردنی ناشکرا.
٧- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (١٧) بەرامبەر مزگەوتی گەورە لە سنوری شارەوانی شەقلاوە رووبەر بەم٢/ ٢٤م٢ کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی رووبەر/ ٣٦٠٠٠٠ سێ سەد وشەست هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیاد کردنی ناشکرا.
٨- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (١٨) بەرامبەر مزگەوتی گەورە لە سنوری شارەوانی شەقلاوە رووبەر بەم٢/ ٢٤م٢ کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی رووبەر/ ٨٤٠٠٠٠ هەشت سەد وچل هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیاد کردنی ناشکرا.
٩- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (١٩) بەرامبەر مزگەوتی گەورە لە سنوری شارەوانی شەقلاوە رووبەر بەم٢/ ٢٤م٢ کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی رووبەر/ ٣٦٠٠٠٠ سێ سەد وشەست هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیاد کردنی ناشکرا.
١٠- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (٢٠) بەرامبەر مزگەوتی گەورە لە سنوری شارەوانی شەقلاوە رووبەر بەم٢/ ٢٤م٢ کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی رووبەر/ ٨٤٠٠٠٠ هەشت سەد وچل هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیاد کردنی ناشکرا.
١١- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (٢١) بەرامبەر مزگەوتی گەورە لە سنوری شارەوانی شەقلاوە رووبەر بەم٢/ ١٢٠م٢ کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی رووبەر/ ٣٦٠٠٠٠ سێ ملیۆن و شەش سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیاد کردنی ناشکرا.
١٢- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (٢٢) بەرامبەر مزگەوتی گەورە لە سنوری شارەوانی شەقلاوە رووبەر بەم٢/ ٢٤م٢ کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی رووبەر/ ٨٤٠٠٠٠ هەشت سەد وچل هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیاد کردنی ناشکرا.
١٣- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (٢٣) بەرامبەر مزگەوتی گەورە لە سنوری شارەوانی شەقلاوە رووبەر بەم٢/ ٢٠م٢ کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی رووبەر/ ٧٢٠٠٠٠ حەفت سەد وبیست هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیاد کردنی ناشکرا.
١٤- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (٢٤) بەرامبەر مزگەوتی گەورە لە سنوری شارەوانی شەقلاوە رووبەر بەم٢/ ٢٠م٢ کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی رووبەر/ ٧٢٠٠٠٠ حەفت سەد وبیست هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیاد کردنی ناشکرا.
١٥- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (٢٥) بەرامبەر مزگەوتی گەورە لە سنوری شارەوانی شەقلاوە رووبەر بەم٢/ ٢٤م٢ کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی رووبەر/ ٨٤٠٠٠٠ هەشت سەد وچل هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیاد کردنی ناشکرا.
١٦- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ کوشک وسوپر مارکێت بە ژمارە (٢٦) نزیک باخی گشتی لە سنوری شارەوانی شەقلاوە رووبەر بەم٢/ ٢٠م٢ کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی رووبەر/ ٦٠٠٠٠٠ شەش سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیاد کردنی ناشکرا.
١٧- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (٢٧) نزیک نەخۆشخانە لە سنوری شارەوانی شەقلاوە رووبەر بەم٢/ ٤٠م٢ کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی رووبەر/ ٨٤٠٠٠٠٠ هەشت سەد وچل هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیاد کردنی ناشکرا.
١٨- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (٢٨) نزیک نەخۆشخانە لە سنوری شارەوانی شەقلاوە رووبەر بەم٢/ ٤٥م٢ کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی رووبەر/ ٨٤٠٠٠٠ هەشت سەد وچل هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیاد کردنی ناشکرا.
١٩- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (٢٩) نزیک شارەوانی لە سنوری شارەوانی شەقلاوە رووبەر بەم٢/ ١٧٠م٢ کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی رووبەر/ ١٨٠٠٠٠٠٠ یەک ملیۆن و هەشت سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیاد کردنی ناشکرا.
٢٠- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ بینای کارگەی بەفر ژمارە (٣٠) لە بێترمە لە سنوری شارەوانی شەقلاوە رووبەر بەم٢/ ٦٨٤م٢ کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی رووبەر/ ٣٦٠٠٠٠٠ سێ ملیۆن و شەش سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیاد کردنی ناشکرا.
٢١- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (٣١) نزیک باخی گشتی لە سنوری شارەوانی شەقلاوە رووبەر بەم٢/ ٢٥٦م٢ کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی رووبەر/ ١٦٠٠٠٠٠ ملیۆن وشەش سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیاد کردنی ناشکرا.
٢٢- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (٣٢) نزیک باخی گشتی لە سنوری شارەوانی شەقلاوە رووبەر بەم٢/ ٧٥م٢ کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی رووبەر/ ٣٠٠٠٠٠٠ سێ ملیۆن دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیاد کردنی ناشکرا.
٢٣- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ گۆرەپانی غاز ژمارە (٣٣) سەرمەیدان لە سنوری شارەوانی شەقلاوە رووبەر بەم٢/ ٩٥٠م٢ کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی رووبەر/ ١٨٠٠٠٠٠ یەک ملیۆن وهەشت سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیاد کردنی ناشکرا.
٢٤- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ سەنتەری رۆژنبیری دوکانی ژمارە (١ تاکو ٩) نزیک ئاگر کوژێنەوە لە سنوری شارەوانی شەقلاوە رووبەر بەم٢/ کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی رووبەر/ ٤٣٢٠٠٠٠ چوار ملیۆن و سێ سەد وبیست هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیاد کردنی ناشکرا.
٢٥- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (٣٤) تەنیشت بنکەی پۆلیس لە سنوری شارەوانی شەقلاوە رووبەر بەم٢/ ١٠٠ م٢ کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی رووبەر/ ٣٠٠٠٠٠٠ سێ ملیۆن دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیاد کردنی ناشکرا.
ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ
بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی هەولێر

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
لێژنەی فرۆشتن وبەکرێدانی دووەم لە بەڕێوەبەرایەتی
گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
ژمارە: ٥٦/١٠٠
رێکەوت: ٢٠١٩/٩/٢٣
ئاگاداری
لێژنەی سەرەوە هەڵدەستی بە بەکرێدانی (٥٦) دوکان مولکی شارەوانی لەسەر بەشێکی زەوی ژمارە (١٠٨٣٩/ ١ ک٨٦ بنەسلاوە) بەم شێوەی کە لەخوارەوە دیار کراوە ئەوکەسەی نیازی بەشداربوونی هەیە لە زیادکردنی ناشکرا باسەر لە سەرۆکایەتی شارەوانی لە رێکەوتی ٣٠/ ١٠/ ٢٠١٩ کات ژمێر (١٢) دوانزەی نیوەرۆ لە رۆژی دیار کراو کرێگرتەش نیوەرۆ لە رۆژی بەیانی لە رۆژی دیار کراو کرێگرتەش دەبێ بارمتەی یاسایی بەرێژەی (٢٠٪) لە کرێ ی خەملێندراو لەگەڵ خۆی بهێنی کرێ ی بڵاوکردنەوە وخەرجی تریش دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.
١- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ شوێنی (٢٠) دوکانی ناوچەی پیشەسازی نوێ لەسەر بەشێک لە پارچە زەوی ژمارە (٨٠ ک٢گەرمک) رووبەری زەوی بەم٢ بۆ هەردوکانیک/ ١٩,٥م٢ کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو/ ١٠٠٠٠٠ سەد هەزار دینار بۆ هەردوکانیک ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بە زیاد کردنی ناشکرا.
٢- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ شوێنی (٣) دوکانی تەنیشت شارەوانی لەسەر بەشێک لەپارچە زەوی ژمارە (٦٠/٥ک ١تەق تەق) رووبەری زەوی بەم٢ بۆ هەردوکانیک/ ٨,٥م٢ کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو/ ٣٥٠٠٠٠ سێ سەد وپەنجا هەزار دینار بۆ هەردوکانیک ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بە زیاد کردنی ناشکرا.
٣- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ شوێنی (١) دوکان بە زنجیرە (١١) لەنا بازاری گشتی لەسەر بەشێک لە پارچە زەوی ژمارە (٦/٧٣) رووبەری زەوی بەم٢ بۆ هەردوکانیک/ ٢٩,٥م٢ کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو/ ٢٥٠٠٠٠ دوو سەد وپەنجا هەزار دینار بۆ هەردوکانیک ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بە زیاد کردنی ناشکرا.
٤- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ شوێنی (٧) دوکانی ناوچەی پیشەسازی کۆن لەسەر بەشێک لە پارچە زەوی ژمارە (٧/٣٠٨) رووبەری زەوی بەم٢ بۆ هەردوکانیک/ ١٠م٢ کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو/ ٩٠٠٠٠ نەوەت هەزار دینار بۆ هەردوکانیک ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بە زیاد کردنی ناشکرا.
٥- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ شوێنی (٣) دوکانی ناوچەی پیشەسازی نوێ لەسەر بەشێک لە پارچە زەوی ژمارە (٨٠ ک ٢ گەرمک) رووبەری زەوی بەم٢ بۆ هەردوکانیک/ ١٩,٥م٢ کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو/ ١٠٠٠٠٠ سەد هەزار دینار بۆ هەردوکانیک ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بە زیاد کردنی ناشکرا.
٥- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (١٣٢+ ١٣٣) لەسەر بەشێک لە زەوی ژمارە (١٠٨٣٩/ ١ ک ٨٦ بنەسلاوە) رووبەری زەوی بەم٢/ ١٨م٢ کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو/ ١٥٠٠٠٠ سەد وپەنجا هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بە زیاد کردنی ناشکرا.
٦- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (١١٤) لەسەر بەشێک لە زەوی ژمارە (١/١٠٨٣٩ ک ٨٦ بنەسلاوە) رووبەری زەوی بەم٢/ ٥٦م٢ کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو/ ٢٥٠٠٠٠ دوو سەد وپەنجا هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بە زیاد کردنی ناشکرا.
ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ
بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی هەولێر

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
لێژنەی فرۆشتن وبەکرێدانی دووەم لە بەڕێوەبەرایەتی
گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
ژمارە: ٥٥/١٠٠
رێکەوت: ٢٠١٩/٩/٢٣
ئاگاداری
لێژنەی سەرەوە هەڵدەستی بە بەکرێدانی (٣٤) دوکان بەم شێوەی کە لەخوارەوە دیار کراوە ئەوکەسەی نیازی بەشداربوونی هەیە لە زیادکردنی ناشکرا باسەر لە سەرۆکایەتی شارەوانی تەق تەق بدات مزایدەکە ئەنجام دەدرێت لە رێکەوتی ٣٠/ ١٠/ ٢٠١٩ کات ژمێر (١٢) دوانزەی نیوەرۆ لە رۆژی دیار کراو کرێگرتەش نیوەرۆ لە رۆژی بەیانی لە رۆژی دیار کراو کرێگرتەش دەبێ بارمتەی یاسایی بەرێژەی (٢٠٪) لە کرێ ی خەملێندراو لەگەڵ خۆی بهێنی کرێ ی بڵاوکردنەوە وخەرجی تریش دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.
١- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (٦٩+ ٧٠+ ٧١+ ٧٢+ ٧٣+ ٧٤+ ٧٨+ ٨٥+ ٩٠ تاکو ١١٣+ ١١٥+ ١١٦+ ١١٧+ ١١٨+ ١١٩+ ١٢١ تاکو ١٢٦) لەسەر بەشێک لە زەوی ژمارە (١/١٠٨٣٩ک ٨٦ بنەسلاوە) رووبەری زەوی بەم٢/ ١٨م٢ کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو/ ٢٥٠٠٠٠ دوو سەد وپەنجا هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بە زیاد کردنی ناشکرا.
٢- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (٦٩) لەسەربەشێک لە زەوی ژمارە (١٠٨٣٩/ ١ ک٨٦ بنەسلاوە) رووبەری زەوی بەم٢/ ١٨م٢ کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو/ ٣٥٠٠٠٠ سێ سەد وپەنجا هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بە زیاد کردنی ناشکرا.
٣- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (٨٩) لەسەربەشێک لە زەوی ژمارە (١٠٨٣٩/ ١ ک٨٦ بنەسلاوە) رووبەری زەوی بەم٢/ ٥٦م٢ کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو/ ٣٥٠٠٠٠ سێ سەد وپەنجا هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بە زیاد کردنی ناشکرا.
٤- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (٧٩+ ٨٠+ ٨٣+ ١٢٠+ ١٢٨+ ١٢٩+ ١٣٠+ ١٣١) لەسەر بەشێک لە زەوی ژمارە (١/١٠٨٣٩ ک ٨٦ بنەسلاوە) رووبەری زەوی بەم٢/ ١٨م٢ کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو/ ٣٠٠٠٠٠ سێ سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بە زیاد کردنی ناشکرا.
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٦٩٠٤
رێکەوت: ٢٠١٩/٩/٢٢
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیاکان (LOAD) بۆ (بازرگانی گشتی – هاورده و هەنارده/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو. من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٦٩٠٢
رێکەوت: ٢٠١٩/٩/٢٢
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (General Station) بۆ (هەموو جۆرە کارەکانی رێ پێوی/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو. من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون وپشکنین
ژمارە: ٦٩١١
رێکەوت: ٢٠١٩/٩/٢٢
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (هەروان) بۆ (بازرگانی هەموو جۆرە ئۆتۆمبێلیك و هاورده و هەنارده/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو. من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون وپشکنین
ژمارە / ٦٩٠٧
رێکەوت / ٢٠١٩/٩/٢٢
بریاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (تیلی ناز / TELINAZ / بۆ بازرگانی گشتی وهاورده وهەنارده / سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەموارکراو من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ ماددەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەمووارکراو ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠١٩/٩/٢٢
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون وپشکنین
ژمارە / ٦٩٠٦
رێکەوت / ٢٠١٩/٩/٢٤
بریاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (تکنوساز Technosaz / بۆ بازرگانی گشتی بازرگانی کەل وپەلی کارەبایی ومیکانیکی وئەلکترۆنی - هاورده وهەنارده / سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەموارکراو
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ ماددەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەمووارکراو
ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠١٩/٩/٢٤
ماڤپەروەر / کۆڤان جلال صالح
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین وبەدواداچون
ژمارە / ٦٩٠٣
رێکەوت / ٢٠١٩/٩/٢٢
بریاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (گارۆك / بۆ هێنانی دەستی کار وپێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پاککردنەوە / سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەموارکراو من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ ماددەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەمووارکراو ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠١٩/٩/٢٢
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

وون بوون

ناسنامەی پەیانگای تەکنەلوجی هەولێر بەشی کارەبا بەناوی ریبەند رحان حسین وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان/ لقی هەولێر بەناوی سیروان کریم رحیم وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٣ ژمارەی پسوولە ٧٠٢٨٦٠ بەرواری ٢٠١٧/١/١٨ بەبری ٥٠٠٠٠٠ بەناوکانی ازاد احمد عزیز/ رزقیا محمود احمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ون بوون

تابلۆی پێشەوەو دواوەی ئۆتۆمبێلی جۆری پیك اب دبل قارە ڕەنگی پرتەقاڵی مۆدیل ٢٠١٧/ کاتی سلێمانی بەژمارە ٩٥١٧٥ بەناوی(ناری صباح محمود) ون بووە، هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی(٠٧٧٠١٢٧٦٥٩٥)

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/قوشتەپە

ژمارەی دۆسیە/٥/ئانیە/٢٠١٩

ڕێکەوت/٢٠١٩/٩/٢٤

جاڕدان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی (قوشتەپە) مولکی ژمارە (١٨٤ ك ١٣٢ گردەمەلا (کارت)) کە کەوتوتە (گردەمەلا) دەفرۆشێت، خاوەنەکەی قەزار (ناری عمر کریم) کە گلدانەوەی خاوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی (لقمان حمەڕشید حمەعلی) بەبڕی/ ٧٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ناڕەزوومەند (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی ولاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.

جێبەجێکاری داد / خالص احمد حمد

١ – شوێن و ژمارەی/ قوشتەپە/ گوندی گردەمەلا/ ١٨٤ ك ١٣٢ گردەمەلا) کارت

٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی بەکارت

٣ – سنوورو ئاگاداری/ قوشتەپە/ گردەمەلا

٤ – پێکهاتەکەی/ زەوی بەتال

٥- پلەی ئاوەدانکاری/ ٣٠٠ م٢

٦ – پلەی ئاوەدانکاری/

٧- نیشتەجێکەی/

٨ – نرخی قرساو/ ٥٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار

***

ژمارە/ ٣٧/ك١/٢٠١٩
بەروار/ ٢٠١٩/٨/٢٥
بۆتۆمەتباری هەلاتوو / ماجد كريم منجل
ئاگاداكردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بڕیاری حوكمی دەركردووە بە ژمارە ٣٧/ك١/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٥/٢٩ لەسەرت بە زیندانی كردن الحبس بۆ ماوەی ٦ / شەش مانگ بەپێی ماددەی ٤٥٦ لە یاسای سزاكان بەشێوەیەكی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەكی/بریاردرا بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە پێت رابگەیێندرێت مافی تانوو لێدانت هەیە لە بڕیارەكە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاساییدا ٣ مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بڕیارەكە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەر / گيلاني احمد محمدامين
* * *
دادگای كەتنی سۆران
ژمارە/ ٩٧/ك/٢٠١٩
بەروار/٢٠١٩/٨/٢٩
بۆتۆمەتباری هەلاتوو / مهدی محمد جمال
ئاگاداكردنەوەی سزا
ئەم دادگایە لە داوای ژمارە ٩٧/ك/٢٠١٩ لە ڕێكەوتی ٢٠١٩/٧/٢ بەشێوەی پاشملە بڕیاری حوكمی دەركردووە بە ئیدانە كردنت بەپێی ماددەی ٧ لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی دژی خێزان و سزادانت بە بەند كردنی توند بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ و لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت دیار نییە. بۆیە دادگا بڕیاریدا بە ئاگاداكردنەوەت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە بۆیە بۆت هەیە تانە لەو بڕیارەی دادگا بدەیت لە ماوەی یاسایی بەپێچەوانەوە ئەو مافەت نامێنێ و بڕیاری دادگا پلەی كۆتایی وەردەگرێت.
دادوەر / بلال غازي كاكە امين
* * *
دادگای كەتنی هەولێر/٢
ژمارە/ ٨٤١/ك٢/٢٠١٩
ڕێكەوت/ ٢٠١٩/٩/٢٢
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ حسين علي حريجە
ئاگاداركردنەوە
ئاماژە بە داوای ٨٤١/ك٢/٢٠١٩ تۆمەتباری هەلاتو حسين علي حريجە شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە ١٤٣ لە یاسای بنەماكانی دادگاكردنی سزا. دادگا بڕیاری دا لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی ئاگادارت بكاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە كاتژمێر ٩ی بەیانی لە ڕێكەوتی ٢٠١٩/١٢/٩ بەمەبەستی دادگایی كردنت بەپێی ماددە ٤٥٦ لە یاسای سزاكان بە پێچەوانەوە دادگایی كردنت بەشێوەی پاشملە غیابی بەرێوەدەچێت بە گوێرەی ڕێساكان.
دادوەر/ حسن علي مراد امين
* * *
دادگای كەتنی هەولێر/٣
ژمارە/ ٧٣٥/ك٣/٢٠١٩
بەروار/ ٢٠١٩/٩/١٦
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ سرمد كمال خالد
ئاگاداركردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێتان نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە / ١٤٣ لە یاسای بنەماكانی دادگاكردنی سزایی. دادگەكەمان بڕیاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بكاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە كاتژمێر ٩ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/١١/٤ بەمەبەستی دادگایی كردنت بەپێی ماددەی ٤٥٣ لە یاساس سزا بەپێچەوانەوە خۆتان بەرپرسیارن بەپێی یاسا.
دادوەر/ بهزاد جهاد فائق
* * *
فەرمانگەی دادنووسی (دووەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٩/٤
بەپێی ئەو داواكاریەی كە پێشكەش كراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (بژار حبيب محمد) لە بەرواری ٢٠١٩/٨/٢٧ كە داوای تۆماركردنی ئامێرەكانی كردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وێستا داندراوە لە (هەولێری نوێ) و وسفەكانی لە خوارەوەدا دیاریكراوە، بۆیە ئەوكەسەی پەیوەندی بەمە و كەلوپەلە وەسفكراوەكان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆماركردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا، واتە ڕۆژێك دوای بڵاوكردنەوەكە، وە تۆماركردنەكە بەدواكەوتوو دادەنرێت تاكاتی یەكلاكردنەوەی داواكەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە كەلوپەلەكانی تۆمار دەكرێت بەناوی داواكاری تۆماركردنەكە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆماركردنیشی پێ دەدرێت.
دادنوس / بۆتان كامیران میران
ئامێرەكان:
١ – ئامێری خەباتەی مەركەزی بۆ تێكەلكردنی مواد ژمارە/ KS-MB٠٠١٠٥ دروستكراوی توركی مۆدێل ٢٠١٣ جۆری سوتەمەنی كارەبا توانای K.W١٣ بەچوار ماتۆری كارەبای كاردەكات هاوپێچ هۆپەر و سایلۆ و قایشی گواستنەوەی مەواد نرخ/٤٠,٠٠٠,٠٠٠.
٢- ئامێری میكسەر بۆ گواستنەوەی مەواد ژمارە/ NMB٩٤٣٣١٧١٢٠٩٧٤٠٦ دروستكراوی المانی مۆدێل ٢٠١١ جۆری سوتەمەنی گاز توانای ٣٢ طن بەگاز و تەولیدی میكانیكی كاردەكات نرخ/٤٠,٠٠٠,٠٠٠.
٣- ئامێری میكسەر بۆ گواستنەوەی مەواد ژمارە/ NMB٩٤٣٣١٧١٢٠٩٦٤٧ دروستكراوی المانی مۆدێل ٢٠١١ جۆری سوتەمەنی گاز توانای ٣٢ طن بەگاز و تەولیدی میكانیكی كاردەكات نرخ/٤٠,٠٠٠,٠٠٠.
٤- ئامێری میكسەر بۆ گواستنەوەی مەواد ژمارە/ NMB٩٤٣٣١٧١٢٠٩٧٠٥ دروستكراوی المانی مۆدێل ٢٠١١ جۆری سوتەمەنی گاز توانای ٣٢ طن بەگاز و تەولیدی میكانیكی كاردەكات نرخ/٤٠,٠٠٠,٠٠٠.
٥- ئامێری میكسەر بۆ گواستنەوەی مەواد ژمارە/ YV٢JL٨٠GO٧A٦٣١٣١٦ دروستكراوی سویدی مۆدێل ٢٠٠٧ جۆری سوتەمەنی گاز توانای ٣٢ طن بەگاز و تەولیدی میكانیكی كاردەكات نرخ/٣٠,٠٠٠,٠٠٠.
٦- ئامێری پەمپ (مزخەی كۆنكریت) بۆ گواستنەوەی مەواد ژمارە/ ZCNH٨٦٤٤٥٥P٤٨٩١٥٤ دروستكراوی المانی مۆدێل ٢٠٠٥ جۆری سوتەمەنی گاز توانای ٣٦ مەتر بەگاز و تەولیدی میكانیكی كاردەكات نرخ/٧٥,٠٠٠,٠٠٠.
٧- ئامێری شۆفل VOLVO L٩٠ بەگواستنەوەی مەواد ژمارە/ L٩٠CV١٥٦٠٠٨ دروستكراوی سویدی مۆدێل ١٩٩٨ جۆری سوتەمەنی گاز توانای ٤ طن بەگاز و تەولیدی میكانیكی كاردەكات نرخ/٢٠,٠٠٠,٠٠٠.
* * *
دادگەها بەرایی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٢٩٥/ب/٢٠١٩
ڕێكەفت/ ٢٠١٩/٩/٢٥
ئاگەهداری
بۆ داوالیكەراو (طاهر جمال طاهر) شوێنی دانیشتنا تە نەدیارە داواكار (رمزية طه صالح) ل داوای ژمارا وێ ل سەری دیاركری تومارکریە دژی تە داوا دكەن ب نەهێشتنی كوبەشی (ازالە شيوع) زەڤیا ژمارە (٨٦٩٣/١) كەرتێ ١١ سميل وكوبەشە دناڤبەرا هەوە دا ل ڕێڤەبەریا توماركرنا خانوبەرا ل سێمێلێ ژبەر كو داواكار نە مفادارە ژ كوبەشیا دناڤبەرا هەوە دا لەورا داخازا نەهێشتنی كوبەشیێ دكەت (ازالە شيوع) ژبەر نەشتەجیبونا تە نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەكی خراب بابكا نوی ل قەزا زاخو ل ڕوژا ٢٠١٩/٩/١٩ بۆیە دادگەها بریاردا تە ب ڕیكا دوو ڕوژنامەی ناوخویی ڕوژانەدا ئامادەبی ل بەرامبەری ڤێ دادگەهێ ل ڕوژا ٢٠١٩/١٠/٨ دەمژمێر نەهی سپێدێ وبەروڤاژی ڤێ چەندێ دادبینی دێ هێتەكرن ب پاش ملە ل دیف یاسایی
دادوەر / ابراهيم خشمان گرگري

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT

TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!

TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:
- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

JOB TITLE: Projects Planning Engineer

LOCATION: Erbil Office

JOB SUMMARY: The Project Planning Engineer is expected to achieve the below expectations
- Preparation of Pre Shutdown, Shutdown and post shutdown phase schedule.
- Preparation of Integrated Master Schedule for ongoing project
- Attending weekly project shutdown meeting and monthly Management Meeting
- Monitoring and updating ongoing project schedule activities
- Follow up project / operation team on weekly basis to complete the task as per the schedule.

KEY RESPONSIBILITIES
- Excellent in Planning, Project Control, Scheduling, Cost Control, Quantity Surveying, Estimation, and Site execution etc.
- Experience in Primavera Ver 8,6,5 & 3 and M.S projects 2013
- Experienced in all phases of the project (FEED Engineering, Details Engineering, Procurement, Construction, Pre commissioning and Commissioning)
- Develops and maintains comprehensive integrated master project schedules including FEED, Detail Design, Procurement, Construction and Start-up/Commissioning Project Stages.
- Maintains schedule during the project life cycle monitoring progress and incorporating modifications where changes in the original scope occur or delays are encountered.
- Performs critical path analysis to determine problem areas in regards to project schedule & overloads

QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED
- Engineering Degree/ Diploma
- Minimum 14 years Oil & Gas Industry Experience and Primavera Ver 8 proficiency required
- MS Office proficiency required and Experience in EPC construction activities.
- Flunky in English Language, Written and Spoken

NOTE:
- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT

TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!

TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:
- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

JOB TITLE: Piping Supervisor

LOCATION: Field Site

JOB SUMMARY: The Piping Supervisor is expected to achieve the below expectations
- Supervise construction and Handover of mechanical complete systems for commissioning
- Precommissioning/ Commissioning and Handover procedure execution
- Precommissioning (Site pre-start-up activities, Conformity checks and Static tests execution)
- Commissioning (Dynamic tests execution)

KEY RESPONSIBILITIES
- To supervise the Contractors during the execution of construction activities at construction site.
- Participate in reviewing detailed design drawings, method statements, material requisitions, Co-ordinate mobilization of contractors on site.
- Maintain a daily record of progress (daily diary) noting special comments.
- Reports to supervisor work anomalies or contractual deviations committed by contractor personnel and recommend corrective actions.
- Sign work permits on behalf of COMPANY and to ensure that contractors compliance with conditions fixed on consolidated work permits
- Participate in development of as-built drawings/documentation.
- Prepare Punch list for finished work prior to hand over to COMPANY by contractor by paying special attention to all equipment including Quality checks.
- Works closely with other COMPANY Construction Supervisors (Elect./ Inst.).

QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED
- Engineering/Piping Degree/diploma
- Minimum 8 years O&G Industry experience
- Fully conversant in the following fields of expertise - Piping & Construction
- Fluency in English, both written and spoken.

NOTE:
- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/9/26 ژمارە (5836)
خەبات



(سەربەخۆیی)

"پێشکەش بە ڕێبەری دڵسۆز و خۆشەویستمان سەرۆک بارزانی"



ئەمین گەردپگلانی – بۆکان

پایزم ئەمڕۆ بەهارە و سەربەخۆم
خۆری شادیم گرشەداوە و سەربەخۆم
خۆری ئازادی لە ئاسمانی وڵاتم
دوور لە هەور و تەم بە ئازادی هەڵات
پڕ لە شادین دڵ وەکوو ئاو و هەوا
چون ژیاوە یادی سەوزی "پێشەوا"
پێشەوای ئەمڕۆی گەلم بارزانییە

خۆری ڕوونی سەر کەلم بارزانییە
تاقە هیوای کورد و کوردستانە ئەو
ڕەمزی تێکۆشان و بەرخۆدانە ئەو
کورد لە سایەی ئەو بە ئازادی گەیی
شەو ڕەوی خۆری گەشی شادی گەیی
پایزی کردە بەهاری ئارەزوو
نەسرەوت تاوێ، هەدانی نەبوو
سەر بڵندم تاکوو بارزانیم هەیە
خۆری ئاڵام، تیشکی یەزدانیم هەیە
نشتمانی کوردی دیل و کۆیلە بووم
تاکوو هەم بۆ جێژنی دوژمن پۆیلە بووم

خۆری ئاڵا بووم و دیلی شامی شووم
ئێستە بەرزم سەر لە ئاسمانێ دەسووم
خۆری ڕزگاریم و دەدرەوشێمەوە
هەستی بارزانیم کەوا دەشنێمەوە
خاکەلێوەی نیشتمانم ڕەزبەرە
بوونە گوڵ ئەمڕۆ خەزەڵ، گڵ گەوهەرە
بەرد و گڵمتکیش چڕی دەرکردووە
ئاسمان بۆ عەرزی زەردەی گرتووە
وا شەقەی شابالّی دێ ئاڵاکەمان
چون شەکاوە و بەرزە وەک باڵاکەمان
کورد بە سەربەرزی دەژی سەرکەوتووە

ئاشتیخوازە و بۆ جیهان دەرکەوتووە
سەر لە ئاسمانێ دەدا ئاڵاکەمان
خۆری گەش ماچی دەکا ئاڵاکەمان
چیدی ژێر دەست و کز و ئاوارە نین
وێڵی شاران، پێپەتی و پەتیارە نین
سەد بەهار ئەمڕۆ بە فیدای پایزە
نیشتمان چای وی لە ئاڵای پایزە
سەوزە دەشت و باخی کوردستانەکەم
تاجی نا سەر شاخی کوردستانەکەم
دەشت و کوێستان پڕ لە ئاونگی حەزن
چیدی گڕ کوڵمە و تەوێڵی ناگەزن

داری ئاواتی شەهیدان هاتە بەر
بوو بە دەوڵەت خاکی کوردی کۆڵنەدەر
شاپەڕی دەسوێ لە هەنیەی خۆر تەوار
کاکەشان بۆ شاهەڵۆ دەبنە دەوار
ڕۆشنایی تێگەڕا خاکی وڵات
خۆر لە ئاسۆی خوێنی پێشمەرگەم هەڵات
ژین لە سای وشیاریی پێشمەرگەی گەلە
سەربەخۆییش دیاریی پیشمەرگەی گەلە
کوردم و بارزانی پێشمەرگەی منە
ماچ دەکەن ئاڵای گەشم خۆر و شنە
ڕێبەری دڵسۆزی گەل بارزانییە
مەزهەری سۆز و وەفای ئینسانییە
ئەی وەتەن پیرۆزە ئەو یەکگرتنە
یەکدڵیت بۆ دوژمنانت مردنە
هەر دە پەنجەم گڕ دەنووسن
بوونە مۆم
چونکە ئەمڕۆ جێژنە، شاد و سەربەخۆم
پیرەداری وشک و سڕ گوڵ دەردەکەن
باز و تەڕلان قەڵ لە باخی دەردەکەن
کۆیلەیی و دیلی بەسەرچوو، سەربەخۆم

میللەتم لەو کۆسپە دەرچوو سەربەخۆم
سەربڵندم تاکوو بارزانیم هەیە
خۆری ئاڵام، تیشکی یەزدانیم هەیە
لێو لە ئاونگی گوڵی شادی دەدەم
بانگی ئازادی بە ئازادی دەدەم
١٣٩٦/٧/٣

*** ئەو شێعرەم ڕۆژی ی ڕەزەبەری ٦٩ ڕۆژی ڕیفراندۆمی باشووری کوردستان نووسی، ئەگەرچی دوژمنان و خۆفرۆشانی ناوخۆ هوونەکۆسپ و لەمپەر و چاویان بەرایی نەدا ئەو سەرکەوتنە پڕ شانازییە بە ناوی بارزانیی مەزنەوە لە میژوودا تۆمار بکرێ، بەڵام ئێمە هیواپراو نابین و لەو هەورازە هەر سەردەکەوین و لمپۆزی چلکاوخۆرانی ناوخۆ لە قوڕ دەچەقێنین، ئاڵای سەربەخۆییش هەر بە دەستی سەرۆک بارزانی هەڵدەدرێ و دەشنێتەوە.**

ئایینی میترا

ن: عەبدوڵلا محەمەدی
کورتکراوە: ئەحمەد حاجی مەولود

٢-٢

پەرستنی مەزدا وەکو پەرستنی میهر لە سەرانسەری ئێران باو بوو. زەرتۆشت "زەرتوشترا"ی پێغەمبەریش لەنێو ئەو هۆزانە لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ئێران سەریهەڵدا. زەرتۆشت بە گاتاکانی خۆی، کە سرود و هۆنراوەن، ئایینی پەرستنی مەزدای ڕاست کردەوە و پتەوی کرد، کە ئێستا ئایینی زەرتۆشتی پێدەڵێن. کاسپییەکان یەکەم نەتەوەن کە هاتنە ئێران و لە سەرچاوەکانی سومری بەوانیان گوتوە خۆرپەرست.

میژووی ئەو ئایینە دەگاتە 8000سال پێش. ئەو ئایینە بێجگە لە ئێران لە ئەوروپاش پەیڕەوی زیادی هەبووە و بۆ ماوەی چەندین سەدە ئایینی سەرەکی ئەوان هەژمار دەکرا. ئەو ئایینە لە سەدەکانی سێیەم و چوارەمی زایینی بەوپەڕی خۆی گەیشت و بەتایبەت لە نێوان سەربازانی ڕۆمی پەیڕەوی زۆر هەبوو. لە دوای فەرمانی تئۆدۆسی یەکەم لە 391ی زایینی، کە تێیدا تەواوی ئایینەکان بێجگە لە ئایینی مەسیحی قەدەغە کرا، هەموو ئەوروپاییەکان ناچار یان دەبوونە مەسیحی یان لە نیعمەتی ژیان بێبەش دەبوون، لەو کاتەدا میهرپەرستی کەم کەم لە ئەوروپا کۆتایی پێهات، هەرچەند هێما و پەرستگەکانی ئەوان لە سەرانسەری ئەوروپا و لە خۆی ئایینی مەسیحی بەجێ ماوە.



میهر یان میترا لە شەوی یەلدا لە دایک دەبێت و ژیانێکی پڕ لە هەوراز و نشێو دەست پێدەکات و لەو شەوەدا میترا لە بەردێک لە نێو ئەشکەوتێک لە دایک دەبێت. لە کاتی لە دایکبوون، کلاوێکی لەسەرە و شمشێر و تیر و کەوانێکی بە دەستەوەیە. هەندێک لە دایکبوونی میهر لەنێو بەردێک ئاماژە بە بڵێسەی وێککەوتنەوەی دوو بەر دادەنێن. لە مەسیحیەت لەبەر ئەوەی ڕۆژی لەدایک بوونی حەزرەتی عیسا دیار نەبووە، ئەو ڕۆژەیان بەناوی ڕۆژی لە دایکبوونی حەزرەتی عیسا ڕاگەیاند.

بیروباوەڕی میتراپەرستان لەبارەی میترا بریتییە لە:

خەبات دژی گا

میترا گای پیرۆز لە کاتی لەوەڕان دەگرێت و لەسەر شانی دادەنێ و دەیباتە ئەشکەوت. لە هەندێک شوێن هاتووە میترا سەرکەوتوانە سواری گا دەبێت و بەرەو ئەشکەوت دەڕوات.

قوربانی کردنی گا

دوای گەیشتن بە ئەشکەوت میترا گایەکە لە زەوی دەدا و لەسەر پشتی دادەنیشێ و چەقوکە لە شانەی ڕادەکات. لەو کاتەدا سەگ و مار بۆ لستنەوەی خوێنی گایەکە دێن و دوبشکیش بۆ ئەوەی بە گونی گایەکە وەبدات دێت. سەگ نیشانەی پاسەوانی، مار هێمای ژیان و دوبشکیش نوێنەری ئەهەرێمەنە، کە دەیەوێ تۆوی گایەکە پیس بکات. لە شوێنی بریینی گایەکە، سێ گوڵەگەنم و نەمامێک دەڕێن.

میترا بە لێدانی تیرێک لە گاشەبەردێک، کانیاوێکی هەتاهەتایی لێهەڵدەقوڵێ. ئەوە هەر هەمان کانیاوی ژیانە.

میترا سواری ئەسپ دەبێت و ئاژەڵ ڕاو دەکات، تەواوی تیرەکانی ئەو بە ئامانج دەکەوێ و بە هەر تیرێک ئاژەڵێک ڕاو دەکات. دوای ڕاوکردن، میترا بۆ لای دوژمنەکانی دەچێ و ئەوان لەنێو دەبات. ناوبانگی میهر یان خۆری شکست نەهاتوو لەوەوە هاتووە.

لە ڕۆژی کۆتایی ژیانی سەرزەوی میترا، ئەو لە میوانیەک بەشداری دەکات. خوێنی گا، گۆشتی گا و نان و شەراب دەخواتەوە. ئەو میوانداریە لە نیو ئەشکەوتێک ئەنجام دەدرێ.

دوای میوانییەکە، میترا سواری عارەبانەی خۆر دەبێ و بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە. میتراپەرستان لەسەر ئەو باوەڕەن، کە میترا بۆ ئاسمان بەرز بۆتەوە و بەردەوام چاوەڕێی گەڕانەوەی دووبارە بۆ سەر زەوی دەکات تا چاکسازی لە نیو مرۆڤەکان بکات و ئاژاوە و ناپاکی لەنێو ببات. میترا ڕۆژێک دێت و ئاگرێک کە هەموو جیهانی گرتۆتەوە دەکوژێنێتەوە، هەروەکو شیوا خوای هیندیەکانیش هەر ئەو کار دەکات. میترا جیهان لە ناپاکی پاک دەکاتەوە و تاریکی ئەهریمەن لەنێو دەبات. ئەندێشەی هاتنی مەهدی، هەندێک دەڵێن لە ئایینی میترائیزم دەستپێکردووە.

لە کۆتایی ئاگرێک لە هەموو دنیا دەکەوێتەوە و تەنیا پەیڕەوانی میترا لەو ڕزگار دەبن.

ڕۆڵی ژمارەی حەوت

پیرۆزی ژمارەکان لە زۆربەی ئایینە کۆنەکان دەبیندرێ. لە میترائیزم ژمارەی "حەوت" پیرۆزە. حەوت چینی زەوی. حەوت مەقام، حەوت ئەستێرە و لە پەرستگە حەوت دەلاقەو... "پیر" بەرزترین پلە و پۆستە لە ئایینی میترا و نوێنەری ئەوە لەسەر زەوی. ئەوان مانگ، ئاگر و زەوی و باو و ئاویان زۆر لا پیرۆزە.

میهرپەرستان کاتێک لە پەرستگە کۆدەبوونەوە، گایەکیان دەکوشت، گۆشتی ئەو ئاژەڵەیان دەکردە کەباب و خوێنەکەی ئەویان لە جامک دەکرد، ئەو خوێنەیان لەگەڵ گوشراوی گیای هۆم و شەراب تێکەڵ دەکرد و بەوەیان دەگوت ئاوی ژیان. ئەو ئاوە پیرۆزەیان لە جامی تایبەت دەکرد و لەگەڵ کەباب و نان دەخواردەوە. دوایی سرودیان بۆ سوپاسکردنی میهر دەخوێندنەوە.

هیماکانی ئایینی میهرپەرستی

خاچ: خاچ لە نیشانەکانی میهرپەرستانە. میهرپەرستان ڕێزیان لە خاچی شکاوەش دەگرت.

داری کاج: لە نێو میهرپەرستان بایەخی زۆر دەدرایە داری کاج.

ناقوس: لە ئایینی میهرپەرستی ناقوس بەکاردەهێندرا، کە لە کڵێساش ئەوە دەبیندرێ.

کاریگەری ئایینی میهرپەرستی لە ئایینی زەرتۆشتیش دەبیندرێ، کاتێک لە ئەڤێستا لە سەرەتای "مەریشت" گەوردیی ئەو دەبینین، کە بە قسەی ئەهورامەزدا، میهر خودی خۆی ئەوە.

هەروەها داب و نەریتی شینگێڕانی تایبەت لەو ئایینەدا هەبووە، کە تا ئێستاش لە نێو هەندێک لە هۆزەکانی ئێرانی ماوەتەوە. بۆ نمونە یەکێک لە شێوەکانی شینگێڕان، کە لەسەردەمی کۆن بۆ سیاوەش کراوە، لە نێو لوڕەکان و بەختیاریەکان بەناوی "چەمەر" بۆ لاوێکی گەورە و لێهاتوو دەگێڕدرێ. هەروەها داب و نەریتی شینگێڕان بۆ میهر بۆ ئیمپراتۆرەتی ڕۆم گوازرایەوە و دوایی کە ڕۆمیەکان ئایینی مەسیحیان وەرگرت، ئەو داب و نەریتە لەنێو ئەوان بە شێوەی نوێ بۆ کارەساتی مەسیح تا ئێستا لە ئەورپا دریژەی هەیە.

هەروەها ڕووداوەکەی ئیمام حوسێن و شەهیدبوونی ئەو لە کەربەلا، کاردانەوەی لێدەکەوێتەوەو بەشێوەی داب و نەریت لە نیو شیعەکان دەبیندرێ، کە هەموو بەشێوەیەک دەگەڕێتەوە بۆ دابونەریتی شینگێڕان لە کولتووری ئێرانی، کە لە ئایینی میهرپەرستی هەبووە.

لەسالّیادی ڕێفراندۆما



پێلان حەسەن گەرمیان –نەرویج

لەئاهەنگی ریفراندۆما
تازەدایکێک
هاواری دەکردوو دەیگوت
ئێستا لەناو مانگی نۆمە
ئۆخخەی شکور مانگی خۆمە
یەکەمجارە
لەدایکبوون بێتازارە
ئاهەنگی شادی مالآن و لادێ و شارە
شەکانەوی ئالامان دەیان هەزارە
لەئاهەنگی ڕیفراندۆما
نەیاران کێچ کەوتەکەولیان
لەرزیان تێکەوت
کەوتنە خۆیان
وایانزانی
دێوەزمەیەک دێ بۆیان!
نەیانزانی
لەناو کوردان
زۆرن خەمخۆری دوژمنان
زۆرن ئەوانەی تێناگەن
کەڕیفرادۆم
میرات، قەڵغان، پەیامێک بوو
خەونی وەدینەهاتووی باو و کوپاپیران
خواستی من بوو، خواستی تۆبوو
هەستوڕازونیازی ملیۆنان دڵبوو
نامەکراوەکەی کوردان
بانگێک بوکەنەیدەگەیاندوو دەیگەیاند
لەئاهەنگی ڕیفراندۆما
نەیاران بەختیان لێبردم
دژی بڕیاری خۆکردم
بێڕەحمانە
ئەم و ئەویان لێ پڕکردم
سەربەرزانە
نەپێی تێناچوم، نەپێی مردم
جوامێرانە
ئەگەر نەمکردبا دەمردم

بەڵام چیبکەم
لەسێبەری برای خۆما
شینو گریانو ڕۆ ڕۆمە
تێر خیانەتیان لێ کرم
شکۆیان لێ زەوت کردم
لایەک لەخاکیان لێبردم
ڕێفراندۆمیان لێ سڕکرم
لەسالّیادی ریفراندۆما
کاکی دوژمن بێخەم بنو
نەک تۆ
دونیا بمکا لۆمە
خۆم خۆڵ ئەکەم بەسەر خۆما
لەسالّیادی ریفراندۆما
هەرخەریکی
شینوگریانوڕۆڕۆمە
دوژمن نیەو برای خۆمە
وادەمخنکێنێ لە گۆما
هۆبراکەم
خۆ پێم وتی بەرهەمی ئەم ڕێفراندۆمە
هەربۆخۆم نیە بۆ تۆمە
واتەدزانی بەدرۆمە
بیگرتبادەتگوت هی خۆمە
ئای براکەم
وەرەهۆش خۆت لەگەڵ تۆمە
نازانی چەند بەئازارە ئەم هاوارە
ئازاری دڵی پرسۆمە
لەگەڵ تۆمە
خۆدەتدەزانی
شەرەفی تۆ لە ئەستۆمە
لەسالّیادی ریفراندۆما
کاکی دوژمن لەگەڵ تۆمەبێخەم بنوو
خەونێک نەما لەئاسۆما
لەسایەی کاسەلیسان دا
خۆم قوڕ ئەکەم بەسەرخۆما
خەتای خۆمە

پاڵەوانی (دامە)ی مەنگۆڵیا لە دیمانەیەکی خەباتدا

مۆگی مۆنگۆنۆ: ئەگەر ژیان یارییەک بوایە بەردەوام نەدەبوو



دیمانە: هاوار مورتکەیی

دامە یەکیکە لەو یارییانەی کە بەم دواییە بایەخیکی زۆری لە جیهان پێدراوە و بەردەوام پاڵەوانێتی جۆراوجۆری نێودەوڵەتی بۆ دەکرێتەوە، تەنانەت ئەو یارییەش پاڵەوانێتی لە ئاستی جامی جیهانی و ئۆڵۆمپیادیشی هەیە و یاریزانەکان بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامیە بەرز رکابەری لە پاڵەوانێتییەکان دەکەن، یەکێ لەو یاریزانانەش خاتوو مووگی مۆنگۆنۆیە Moogii Mongoonoo کە لەدیمانەیەکی لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات بەمشێوەیە باسی ئەو یارییەی بۆ کردین:



بڕانامەی بەرزی دامە

مووگی کە لە سالی 1985لە هەرێمی کۆرونوگۆبی مەنگۆلیا لەدایک بووە دەڵێت: کاتێک قوتابی ئامادەیی بووم، کارەباچییەک هاتە مالەکەمان بۆ چاکردنی کارەبا، ئەو لەکاتی پشووی خۆی فێری کردم چۆن بەردەکانی دامە بجوڵێنم، لەوکاتەوە خۆشەویستیم بۆ یاری دامە چوو، لە پۆلی نۆیەم بۆ یەکەمجار بەشداریم لە پاڵەوانێتییەکی هەرێمەکەمان کرد و پلەی دووەمم بەدەستهێنا و ئەمە وایکرد زیاتر حەزم بچێتە سەر ئەو یارییە، چونکە زۆر بەخێرایی فێربووم، لە ساڵی 2014لە پاڵەوانێتی دامەی مەنگۆلیا ئاستێکی باشم پێشکەشکرد و توانیم بروانامەی ماستەر بەدەست بهێنم (Ded. Master)؟ هەروەها گوتی: هەرچەندە خۆم بە یاریزانێکی پیشەگەر نازانم بەڵام خۆم بە یاریزانێکی چالاک و بەردەوام دادەنێم.

فێردەبی خۆبەدەستەوە نەدەیت

دواتر ئەو خانمە مەنگۆلیە سەبارەت بەو یارییە فێرە زۆر شت کرد، لەوانە دووربینییەکی لەتەواو لەسەر ژیان، هەرچەند فشارت لەسەر بێ فێرە خۆبەدەوەستەوەنەدانت ئاکات، هەمیشە بیرکردنەوەکانت بەرەو ئاقارێکی دروست دەبات، پێم وایە لە یاری دامەدا هەست دەکەم ئەوکەسە نیم کە جاران لە سەندوقێکدا بووم، ئێستا هەموو دونیا دەبینم، هەروەها لە یاری دامەدا ئەو بیردۆزە هەیە کە هەرچەند کۆشش بکەیت و هەوڵ بدەیت، ئەوا لەبەردەم ڕێگاکەتدا بەرچاوروونی و دەسکەوت دەبینی، بەردەوام دامە هانت دەدات کە هەڵەکانت دووبارە نەکەیتەوە و فێرت دەکات بەڕەنگاری مەحالەکان ببیتەوە، من بەو شێوەیە دەڕوانمە یاری دامە.

گوتی: لە ژیاندا زۆر دەرفەت دێتە بەردەم مرۆڤەکان، هەندێکیان دەتوانن ژیانی ئەو مرۆڤانە بگۆڕن، لە باشتر بۆ باشتر، خەزەکەم ئەوە بڵێم کە ئەگەر ژیان یارییەک بوایە هەرگیز بەردەوام نەدەبوو، یاری دامە منی یاریزانێکی چالاک و بەردەوام کرد بە کەسێکی بەهێز لە مەیدانی یاریدا، هەروەها ئەو یارییە فێری کردم کە هەرگیز تەسلیم نەبم و هەمیشە هەوڵ بدەم و خۆم بەدەستەوە نەدەم.

ئیکاردی: مێسی هۆکاری دوورخستنەوەم نییە



ماورۆ ئیکاردی، هێرشبەری یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی وتی، هاوواڵتییەکەی لیونێل مێسی، ئەستێرەی یانەی بەرشلۆنە، هۆکاری دوورخستنەوەی لە ریزەکانی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین نییە. ئەمەو چەند ساڵێکە، دەزگاکانی ڕاگەیاندن باس لەوە دەکەن، مێسی هۆکاری دوورخستنەوەی ئیکاردی بووە لە هەڵبژاردەی ئەرژەنتین، هەرچەندە ئاستێکی بەرچاوی لەگەڵ ئینتەر میلان پێشکەش کردووە. هۆکاری ئەوەشیان بۆ خراپی پەیوەندی نێوان ئەو دوو ئەستێرەیە دەگێڕایەوە. بەڵام ئیکاردی لە میانی لێدوانی بۆ کەناڵەکانی (کەناڵ پلەس)ی فەرەنسی وتی:"ئەو مشتومڕە لەمێژە هەیە، بەڵام من باوەڕ ناکەم، چونکە من مێسی باش دەناسم". هەروەها وتی:"مێسی، باشترین یاریزانی جیهانە، دەمتوانی چاوم پێی بکەوێت و من زۆر ڕێزی لێدەگرم.. بۆیە باوەڕ بەو چیرۆکانە ناکەم". شیاوی باسکردنە، ئیکاردی، لە ماوەی گواستنەوەی هاوینەی ڕابردوودا، لە یانەی ئینتەرەوە ڕووی کردە ریزەکانی پاریس سان جێرمان، بە شێوەی خواستن بۆ ماوەی یەک ساڵ بە خۆڕایی، لەگەڵ بژاردەی کڕین بە بڕی 70ملیۆن یۆرۆ.

ڕەمزی میرەکانی

بنزیما هەڕەشە لە مێسی دەکات



ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی ڕاپۆرتیکی دوورو درێژی لەسەر کوریم بنزیمای هیرشبەری یانەی ریال مەدرید بڵاوکردۆتەوە و ئاماژەی بە لێهاتوویی ئەو یاریزانە داوە کە لەچەند یاری ڕابردوودا بە ئاستیکی بەرز دەرکەوتووە.

ئەو ڕاپۆرتەی بڵاوکراونەتەوە ئاماژە بەچەند خاڵێکی ئەو هێرشبەرە فەرەنسیە دەکات لەوانە لەبەرامبەر سیڤیبیا ئاستی جوانی پێشکەش کرد، سەلماندی کە هیرشبەری ژمارە 9کە دەتوانێت لەکاتی گونجاودا بەرپرسیاریتی یانەی ریال مەدرید لە ئەستۆ بگرێت، بنزیما لەوەرزی ڕابردوو 30گۆڵی تۆمارکرد، بەپێچەوانەی وەرزی پێشتری کە تەنها 12 گۆڵی تۆمار کردبوو، هەروەک مارکا ئاماژەی بۆداوە کە ئەم وەرزە چاوەڕوەان دەکریت رکابەریێکی بەهێزی مێسی بێت لە خەڵاتی گۆڵکاری لالیگا.

باشترینەکانمان زانی، ئەی خراپترین پێکهاتەی 2019کێ لەخۆ دەگرێت؟



بیرۆکەی دەستنیشانکردنی پێکهاتەی نموونەیی ساڵی 2019لەلایەن ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانییەوە بۆ دەنگدان لەسەر هەڵبژاردنی لیستی خراپترین یاریزان لە وەرزی ڕابردوو، بووە جێی سەرسوڕمانی هەموان.

یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتیش پێکهاتەی نموونەیی ڕاگەیاند کە پێکهاتووە لە ئەلیسۆن بیکەر لە گۆڵچی، فیرگل گان دایک و ماتیاس دی لیخت و سێرجیۆ ڕامۆس و مارسیلۆ لە هێڵی بەرگری، لۆکا مۆدریچ و دی یۆنگ و ئیدین هازارد لە هێڵی ناوەڕاست، لیۆ مێسی و مباپێ و ڕۆنالدۆش لە هێڵی هێرشبردن.

دوور لە کێشمەکێش کە ئەو لیستە دوای ڕاگەیاندنی لێرە و لەوێ هەرای نایەوە، ڕۆژنامەی مارکا دەنگدانی بۆ لیستی خراپترینی وەرزی ڕابردوو ئەنجامدا، بەپێی ئەو دەنگدانەش کاریۆس گۆڵچی ئەڵمانی لەلیستی سەرەوەی خراپترین هات، ئەویش دوای ئەوەوە هات کە لە کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپای 2018زۆرترین هەڵەی لە یارییەکەی لیڤەرپوول و ریال مەدردی ئەنجامدا.

لەهێڵی بەرگریش بریتین لە فیل جۆنسن لە مان یونایتد، میتافی لە ئەرسنال، لیخچاینەر لە ئۆگسبۆرگ و کۆرزاوا لە پاریس سان جێرمان، لە هێڵی ناوەڕاستیش بریتین لە کۆتینهۆ لە لیڤەرپوول، ریناتۆ سانچیز لە لیل، فرید لە مان یونایتد، لە هێڵی هێرشبردنیش ئەو یاریزانەی لەدەنگدانەکە بۆ خراپترین دەنگیان هینا بریتی بوون لە ئەلیکس سانچیز مان یونایتد، کوینسی برۆمیس لە ئەیاکس، کریستیان ئاتسۆ لە نیوکاسل.

سەربەخۆیی دارایی وەرزشی



ژیلا تەیفور

بەهێزیی ئابووری تیپێکی وەرزشی ئاماژەیە بۆ کارامەیی و لێهاتویی دەستەی کارگێڕیی یانەکە، چالاکی یاریزانان و بوونی ئەنجامی باش و چاوەڕوانکراو لەدیدی بەرهەمهێنانی ئابووری، بۆ دابینکردنی ئابووریەکی بەهێزی وەرزشی پێویستە تەواوکارییەکی گونجاو هەبێت لەنێوان تەواوی ئەندامانی پێکهاتەی دەستەی کارگێڕی دارایی یانەکەو تەواوی یاریزانانی یانەکە، بۆ هەریەکەیان ڕێگەو پلانی تایبەت بەخۆیان هەیە کە بتوانن لە ڕێگەیەوە پەرە بە داهاتی خۆیان و یانەکە بدەن.

پێویستە بۆ هەر ڕێگایەک پلانێکی جیاواز هەبێت دەبێت لەسەر بەڕژەوەندی گشتی یانەکە و یاسای تایبەتی کەلەسەری دامەزراوە گونجاو بێت، وەکو هەموو کەرتەکانی تری ژیان و ئابوری وەرزشی بەهەمان جۆر بەحاڵەتی تراژیدیادا لەڕووی ئابورییەوە تێپەڕ دەبێت.

لەم بارودۆخەشدا ئەرکی یەکە بەیەکەی سەرۆکی یانەو دەستەی کارگێڕی و یاریزانانان و ئەندامانی وەرزشییەکانە کە ڕۆڵ و دەنگ وگرنگیان هەبێت بە سوود گەیاندنی پالپشتی دەروونی و دارایی ، لەنێستا و داهاتودا، بەدڵنیایی سامانی وەرزشی ڕۆڵ دەگێڕێت لەبەهێزکردنی ئابووری نیشتمانی، گرنگیدان و کردنەوەی دروست کردنی یاریگا وەزشییەکان یانە و دڕووست کردنی هۆڵە داخراوەکان دابینکردنی کەرەستەو پێداویستی تایبەت بە یارییە وەرزشییەکان چاودێری کردنی بەردەوام لەڕێگەی پەرەپێدان.

دواتر لە خستنەڕوویەکداو فرۆشتنەوەیان بە بازرگانە نێوخۆییەکان، هەموو یانە وەرزشییەکان بۆ یارییە جیاوازەکان کە ئەم سیستمە سالانێکە لە ولاتە پێشکەوتوەکان پەیڕەو دەکرێت، کە ئەمە ڕێگایەکە کار ئاسانی و نوێکارییە بۆ حکومەت، هەروەها دابینکردنی بارودۆخێکی باش و گونجاوە بۆ تەواوی یانە و یاریزانەکان هەنگاونانە بەرەو بە سپۆنسەر کردن و سەربەخۆکردنی وەرزش و داماڵینی وەرزش لەسیاسەت بۆ دابەزینی ئابوری و نەبونی کۆمپانیاو سپۆنسەری وەرزشی لە ئێستادا گەر لە ناوخۆ نەتوانرێت چارەسەربکرێت و بایەخ بەیاریزانان بدرێت، ئەوا خراپی دارایی و ئابووری کارگێڕی یانەکان لێکەوت و دەرئەنجامی مەشق و یاریەکان بەرەو دابەزین دەڕوات، بەشێوەیەکی بنەڕەتی کاریگەری لەسەر باری دەروون و بارودۆخی ژیانی یاریزان هەیە ?لە کاتی هەڵاوسانی دارایدا.

ژمارەی ئەو یاریزانانەی کێشەی ئابوریان هەیە زیاد دەکات? واتەڕۆژانەی زۆر بەی یاریزانان ڕوبەڕووی سەختی ئابوری دەبێتەوە، بە ژیانی سەختی ئابوری کاریگەری نێگەتیڤ و نەگونجاوی لەسەر بیرو ژیانی یاریزانان دەبێت،

بەهۆکاری ئەوەی یاریزانان لە کاتی زیادبوونی سەختی ئابوریدا، خەم خواردنی کێشەی ئابوری هەست بە شەرمەزاری و بۆشایی و بەراوردکاری دەکەن، ئەم شەرمەزارییە لە دوای یارمەتیدا سەختیەکی زۆر دروست دەکات، تەنانەت زۆر کەس زانیاری ئەوەی نییە کە لە چ جۆرە جێگەی جیاوازەوە دەتوانیت داوای یارمەتی بکات و چ کاتێک پێویستە ئەو داوای یارمەتیەکە بکات.

ئەمەش هەڵەو خراپییەکی زۆری لێدەکەوێتەوە کەڕێنگە بەهۆی دۆخێکی کاتی خراپی دارایی ببێتە هۆکار بۆ لە دەستدانی یانەیەک یاتیپێکی وەرزشی بۆ دەستێکی دەرەکی بەڕێوە ببرێت، گرنگە لە کاتی سەختی ئابوریدا هیچ تیپێک یانەیەک لە کار و چالاکییەکانی نەکەوێت و بەردەوام بێت، چاکتر وایە کە چالاکانە بە دوای شیکردنەوەی هۆکار و ڕێگای چارەسەری بارودۆخەکەدا بێت، گرنگترین شت ئەوەیەکە بتوانێت چۆن زوو دەست پێکردنی قەرز بوەستێنێ؟

بێ ئومێد نەبوون و کۆڵنەدان، مەقشقی بەردەوام و متمانە بەخۆبوون، قەیرانی ئابوری وەرزشی ، وەک قەیرانەکانی دارایی و قەیرانەکانی تری ژیان پێویستە لەگەڵیدا ڕابێین بژیت.

دەتوانیت تێبینیەکانت، لە ڕووی دەروونی و ئابوریەوە، گەر لە ڕابردوودا هەریەک لە کەرتەکانی کشتوکاڵی، پیشەسازی، سامانەسروشتییەکان سەرچاوەی سەرەکی ئابوری داهاتی نیشتمانی بوون، لە ئێستادا گەشتیاری، میدیا وەرزش پشکی شێریان لەبازرگانی سەردەم بەرکەوتووە بەتایبەت وەرزش بە ڕاکێشەری گەشتیارو بینەری میدیا دادەنرێت.

گرنگیدان بەوەرزش و بەرەو پێش بردنی ئەم بوارە لە ڕێگەی گرنگی پێدان ئەوا سامانی مرۆیی لەبواری زانین و شارەزاییدا زۆڵی دەبێت لەگەشەپێدانی سامانی ئابوری نیشتمانی و ئیدارەکردنی کارگێڕی دارایی وەرزشی سەربەخۆ کە بۆ خۆی ئەتوانێت وەکو ئابوریەکی نیشتمانی سەیربکرێت.

ئەمڕۆ لەخولی نایابی عێراقدا:

هەولێر بۆ بەدەستهێنانی یەکەم بردنەوە بەرامبەر کارەبا یاری دەکات

یانەی زاخۆ ڕووبەڕووی یانەی نەجەف دەبێتەوە



ئەمڕۆ پێنجەشممە لەگەڕی دووەمی خولی نایابی تۆپی پێی عێراق چەندین یاری گرینگ ئەنجام دەدرێت، لەوانە لەشاری بەغدا یانەی وەرزشی هەولێر دەبێتە میوانی یانەی وەرزشی کارەبا، هەولێر لەیاری ڕابردوو بەرانبەر نەفتی باشوور بەبێ گۆڵ بەرانبەر بوون، بۆ یاریپەکەی ئەمڕۆ هەولێر هەوڵی بردنەوە و بەدەستهێنانی 3خاڵی یاریپەکە دەدات،ئەگەرچی ئەم وەرزە ئاستی یانەی هەولێر زۆر جیاوازترە لەئاستی پارسان، بەتایبەتی بۆ ئەم وەرزەی خولی نایابی عێراق هەولێر چەندین یاریزانی بیانی و نێو خۆیبان هێناوەتە ڕیزی تیپەکە بەمەبەستی بەهێز کردنی ئاستی تیپەکە ، بەڵام تاکۆتایی فیکەی ناوبژیوان یاریپەکە هیچ پێشبینی و ئەنجامێک بۆ یاریپەی ئەمڕۆ دیاری ناکرێت تا یاریپەکە کۆتایی دێت، لەبەرانبەردا یانەی کارەباش لەیاری ڕابردوو بەرانبەر نەجەف بەدوو گۆڵ یەکسانبوون، کەواتە هەردوو یانەی هەولێر و کارەبا خاوەنی یەک خاڵن لەخولەکەدا، هەردووڵا جگە لە بردنەوە بۆ هیچ ئەنجامێکی دیکە یاری ناکەن.

لەلایەکی دیکەوە لەیاریگای نێو دەوڵەتی زاخۆ، هەردوو یانەی زاخۆ ونەجەف ڕووبەڕووی یەکتردەبنەوە، زاخۆ دەیەوێت قەرەبووی یاری ڕابردوو بکات دوای ئەوەی بەرانبەر یانەی مینا بەتاکە گۆڵێک تووشی دۆراندن هات ، زاخۆش لەنێو هاندەران و یاریگای خۆیدا ئەمڕۆ هەوڵی بەدەستهێنانی یەکەم بردنەوە دەدات بەرانبەر تیپی میوان، لەبەرانبەردا یانەی نەجەف کەخاوەنی یەک خاڵە ئەمەیش هەموو هەوڵێکی خۆی دەخاتە گەڕ بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئەنجامێکی شایستە لەخودی یاریپەکەدا.

هەولێر و زاخۆ ئەو دوو یانەیەن کە نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان دەکەن لەخولی نایابی عێراق و لەسەر هەموو لایەک پێویستە پشتگیری و هانی ئەو دوو یانەیە بدەن لەسەرجەم یاریپەکاندا.

هەر ئەمڕۆ دوو یاری دیکەش لەنێوان یانەی کەرخ و سەماوە لەیاریگای کەرخ و یانەی دیوانیەو ئەلقاسم ئەنجام دەدرێت

سبەی هەینی ئەم یاریپانە ئەنجام دەدرێت :

نەفت *نەفتی باشوور

حدود *ئەمانەی بەغدا

سناعات کارەبا*نەفت میسان



فیفا جامی جیهانی یانەکانی ئافرەتان ڕێکدەخات

جیانۆ ئینفانتینۆی سەرۆکی یەکیەتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی ڕەزامەندی خۆی نیشاندا زیاتر پشتیوانی لە تۆپی پێی ئافرەتان بکات، ئەویش بە دەستپێکردنی دوو پاڵەوانێتی دیکە کە بریتین لە پاڵەوانێتی جامی جیهانی یانەکانی ئافرەتان و خولی هەڵبژاردەکانی ئافرەتانی جیهانی.

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە میلانۆ، سەرۆکی یەکیەتی تۆپی پێی نیودەوڵەتی ڕایگەیاند کە فیفا لە چوار ساڵی داهاتوودا یەک ملیار دۆلار وەبەرهێنانی دەبێت لە تۆپی پێی ئافرەتاندا، هەروەها گوتی: پاڵەوانێتی جامی جیهانی یانەکانی ئافرەتان لە ساڵی 2020یان 2021ئەنجام دەدرێت، پێشم وایە ئیمە پیویستیمان بە کاتێکی درێژ نابێت بۆ ڕیکخستنی پاڵەوانێتییەکی تازە، بەم هەنگاوەشمان دەتوانین تۆپی پێی ئافرەتان زیاتر پێشبخەین.

سواریێز: دوای یارییەکەی لیقەرپوول نەمدەویست لە ماڵ بچمە دەرەوە



لویس سواریێز، هێرشبەری یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی ڕایگەیاند، دوای دۆڕانە گەورەکە بەرامبەر لیقەرپوول، بە چوار گۆڵی خاوێن، لە یاری گەڕانەوەی قۆناغی پێش کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپای پارەکە، بە ماوەیەکی زۆر ناخۆش ڕەت بووم. سواریێز لە دیمانەیەکی لەگەڵ تۆڕی (فۆکس سپۆرتس) وتی:" دوای دۆڕانەکە نەمدەویست لەماڵەوە بچمە دەرێ، شتێکی زۆر ناخۆش بوو ، وەکو زۆربەی هاوتیپەکانم، بە چەند کاتێکی زۆر ئەستەم ڕەت بووم". لە بارەی کەشوهەوای یاری گەڕانەوەش بەرامبەر لیقەرپوول وتی:"ئێمە دەمانزانی کەشوهەوا لە ئەنفیلد چۆن دەبێت، یارییەگەکە کەمێک تەسکتر، بۆیە من هەموو شتێکم بە هاوتیپەکانم وت". ئەو ئەستێرەی پێشووی لیقەرپوول وتیشی:" لە خولی یانە پاڵەوانەکاندا، ئەگەر 30 چرکە خاو بیتەوە، تووشی دۆڕان دەبیت". شیاوی باسکردنە، یانەی لیقەرپوول دوای بڕینی بەربەستی بەرشلۆنە، توانی لە یاری کۆتایی لە یانەی تۆتنهام بباتەوە و نازناوی چامپیۆنس لیگ بەدەست بێنێت، ئەوەش یەکەم نازناوی ڕاهێنەری ئەڵمانی، یۆرگن کلۆپ بوو، لەگەڵ سوور پۆشەکاندا.

ڕەمزی میرەکانی

بناسە FIDE



یەکێتی نێودەوڵەتی شەترەنج FIDEدەستەیەکی دەسەلاتداری شەترەنجە، کە وەرتەکراوەی International Chess Federation)، سەرجەم پێشبڕکێیەکانی نێودەوڵەتی شەترەنج ڕێکدەخات، لە ساڵی 1924 لە پاریس (فەرەنسا) لە ژێر ردرووشمی (ئێمە یەک خێزانین) دامەزراوە، فیدا دەزگایەکی ناحکومیە، لە پاڵ یەکێتییەکانی تۆپی پێ و کریکێت و مەلەوانی و پێشبڕکێی ئۆتۆمبێل، یەکێکە لە چالاکترین جۆرە دەستە لە جیهان، لە ساڵی 1999 لەلایەن لیژنەی ئۆلۆمپی نێودەوڵەتییەوە فیدا دانی پێدەنرێت، وەک ڕێکخراوێکی وەرزشی نێودەوڵەتی.

بەو پێیەی شەترەنج یارییەکی جیهانیە، کە دەیان ملیۆن لە شەترەنجزانان لە سەرجەم کیشوەرەکان ئەو یارییە دەکەن، 190وڵات ئەندامی یەکێتی شەترەنجی نێودەوڵەتییە، لە ئۆکتۆبەری ڕابردوو فیدا سەرۆکایەتییەکەی تازە کردەوە و سەرۆکێکی نوێی هەڵبژارد، ئارکاردی ڤۆرکۆڤیچ بەسەرۆکی فیدا هەڵبژێردرا، کە ڕێکخەری سەرەکی مۆندیالی جامی جیهانی 2018 بوو، هەروەها لە ماوەی نێوان 2012 و 2018 جێگری سەرۆک وەزیرانی ڕووسیا بووە.

وەک بەشێکیش لەهەنگاوەکانی چاکسازی، یەکێتی شەترەنجی نێودەوڵەتی بەمدواییە بارەگاسەرەکییەکەی گواستەوە لۆزان لە سویسرا، ئەو شارەی کە بارەگای سەرەکی چەندین یەکێتی نێودەوڵەتی وەرزشی لێیە، کە گرنگترینیان بارەگای IOC لیژنەی ئۆلۆمپی نێودەوڵەتی.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu, 26. Sep. 2019 No: (5836)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

نوێترین ئەلبومی لە ڤالانتاین بلاوەدەکاتەوە

نەوژین سۆران: ناتوانم شیعرەکانم بە هیچ هونەرمەندێک بدەم، چونکە شیعرەکانم بۆ گۆرانی نابن



لەم پاییزە دوو کۆڕی شیعری گەورە ئەنجام دەدەم

خەبات: سولێن سلێمان

نەوژین سۆران شاعیرو بێژەری بەتوانا ، بە شیعرە ناوازەکانی توانی خاوەنی هەواداریکی زۆر بێت. لە چاوپێکەوتنێکدا تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات دەڵێت: لە گەرەکی سەرچنار لە شاری سلێمانی لە دایکبووم، دواتر پەیمانگای هونەرەجوانەکان بەشی شانۆم تەواوکرد، سەرەتا لە رادیۆی Xfm دەستم پێکرد، جێگایەکی زۆر باش بوو بۆم، کە ناوی من وەک نەوژین سۆران ناسرا، دواترلە کەناڵێک بێژەری هەواڵە سیاسیەکان بووم، بەڵام ئێستا وازم لێ هێناوە.

لە پرسیارێکدا، کە ئایا دەگەڕێتەوە بۆ کاری بێژەری؟ لە وڵامدا نەوژین سۆران دەڵێت: بە تەواوەتی دڵنیا نیم، بەڵام وا بریارە کە بە تەواوەتی نەگەڕێمەوە،لە پرسیاری ئەوەی کە چۆن بو بڕیاری دا دەست بە نووسینی شعر بکەیت؟
دەڵێت: ئەگەر تۆ بەهرەو ئیلهامت هەبێت، کە سروشتییە دەبێت لە خۆتدا بوونی هەبێت، دەتوانی شیعر بنووسیت، جگە لە خولیا کە مرۆڤ خۆی دەبێت شیعر دۆست بێت بە هەمان شێوە ئەوەش بەهرەیەکە دەبێت لە مرۆڤدا بوونی هەبێت، دواتر دەتوانێت شیعر بنووسێت. لەوانەیە ئەو هەستانە لە زۆر کەسدا هەبێت، بەڵام کەم کەس هەیە دەتوانێت بەکاری بێنێت، من لە 2004دەو شیعر دەنووسم، بەڵام بەڵاوم نەکردونەتەوە، دواتر کاتێک شیعرەکانم لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بڵاوکرایەوە دەنگدانەوەیەکی باش و خێرایان هەبوو ، خەڵک زۆر بە دڵیان بوو ، زۆر رایان دیوانە گەورەکان بووم ، هەوڵم داوە کە زۆربەیان بخوێنمەوە لەوانەیە نەم توانیبێت سەرجەمیان بخوێنمەوە بەڵام زۆربەی زۆریانم خوێندوتەوە، زۆر سەرسامی بەشێکی زۆر لە شاعیرە کلاسیکیەکان و شاعیرە نوێیەکانی وەک(لەتیف هەڵمەت وبێکەس ،عەبدولا پەشێو ، ئیسماعیل خورمالی ، ئەحمەد محمەد) م و بێ گومانیش وشە مولکی کەس نییە دەتوانیت سوود لە و وشانەش وەرگریت کە شاعیرەکان پێش من بەکاریان هێنابێت . لە بارەی نوێترین کارە کانییەوە تایبەت بۆ خەبات دەڵێت: ئەو سالّ گەورەترین دوو کۆڕی شیعریم بە ڕێوە دەچێت کە یەکێکیان لە بەروارى 28/11/2019 لە شاری سلێمانی لە هۆڵی تەلاری هونەر ، دووەم کۆڕیش لە بەروارى5/12/2019لە هۆڵی سەعەبدولا لە شاری هەولێر بەڕێوە دەچێت. لە ئێستاشدا خەریکی دروستکردنی نوێترین ئەلبومم کە موزیکەکەی لە لایەن ئاواز دانەری بەتوانا ماموستا هەلکەوت زاهیر ه ، و لە ولاتی ترکیا "5 پێنج لە باشترین موزیسیانە تورکەکان کاریان لەسەر کردووە ، و لە لەندەن میکس و ماستەرینگی بۆ کراوە، بریاریشە بۆ ڤالانتاینی سالّی داهاتوو بڵاو بکرێتەوە . نەوژین سۆران ئاشکراشی کرد، بێجگە لە وەی شیعرەکانم لە بواری ئەشق و خۆشەویستین، هاوکات شیعرم بۆ نیشتیمان و بۆ کورستان نوسیوە، کە لە کتێب و ئەلبومەکەمدا بڵاومکردوتەوە.



کەرنەڤاڵی ڕۆژی جیهانی ئاشتی لە سلێمانی

چاپکراوی نوێ

میژووی خەبات و بەسەرهاتی (حەمە تاڵ)ی بانە



لەم ڕۆژانە کتێبی (میژووی خەبات و بەسەرهاتی (حەمە تاڵ)ی بانە) بە قەبارەیەکی مام ناوەندی و 130 لاپەڕەیی لە نووسینی کەمال نوری مەعروف و پێداچوونەوەی سەلام مستەفا کەوتە بەر دیدی خوێنەران، هەروەها لە کۆتایی کتێبەکەدا هەشت لاپەڕە بۆ چەند وێنەیەکی پەیوەندیدار بە باەتەکەوە تەرخان کراوە. ئەم کتێبە زانیاری دەربارەی کەسایەتیەکی کورد بە خوێنەر دەدات، کە لە وانەیە زۆربەمان تەنیا لە ڕێی شیعری شاعیرە میللیەکاندا گوێمان لێ بووبێت بەتایبەتیش ئەو شیعرەی کە زۆر بلاوە و دەماو دەم وتراوەتەوە:

هەناری گوڵ هەناری، هەناری دانە دانە
سەرە ڕێگەی لێدەگرم، وەک حەمە تاڵی بانە، بۆیە هەر کەسێک بیەوێت زانیاری لەسەر حەمەتاڵی بانە بزانێت، با ئەم کتێبە بخوێنێتەوە، ئینجا دەزانێت حەمە تاڵ چەند لەگەڵ ڕاستی و هەژاران بووە و لە دژی زوڵم ستەمدا یاخی بووە. دەست خۆشی لە نووسەر دەکەین و خەرمان بەرەکەت.

ئاشتی شەهباز ژیانێکی تازەی دەستپێکرد



ئێوارەی ڕۆژی 2019/9/19 هاوکارمان ڕۆژنامەنووس ئاشتی شەهباز قۆناغێکی تازەی لە ژیان دەستپێکرد و لەگەڵ جەمال حەسەن چوونە نێو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە، بەناوی سەرنووسەر و سەرجەم ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی خەبات، پیرۆزبایی گەرمیان لێ دەکەین و ئومێدی ژیانێکی ئاسوودە و کامەرانیان بۆ دەخوازین.

خەبات

لە شاری بەغدا..

مامۆستایەکی عێراقی لە کلاشینکۆفەکەی ئامێری میوزیک دروست دەکات



لەپایتەختی عێراق، مامۆستایەکی قوتابخانەیەکی ئامادەیی بە ئەنجامدانی کارێکی ناوەزە،چەکی کلاشینکۆفی کردووە بە ئامێرێکی ژەنینی موزیک کە لە بری دەنگی فیشەک، دەنگی ئاوازی ئاشتی لێبدەنەوە.
مامۆستا ماجد کازم کە ئەو کارەی کردووە و ئاماژە بەوە دەکات کە ئامانج لە کارەکەی بەدیهێنانی ئاشتیی و دوورکەوتنەوەیە لە جەنگ.
ماجد کازم ڕایگەیاند کە دوای ماندبوون و هەوڵێکی زۆر، توانی چەکی کلاشینکۆف بکات بە ئامێری ژەنینی موزیک و گوتی: "بەو کارەم هەوڵمداوە بانگەواز بۆ ئاشتی بکەم، چونکە بۆ وڵاتەکەم کە لە میانی چەند ساڵی ڕابردوودا ڕووبەڕووی جەنگ بووەتەوە، زۆر گرنگە".
مامۆستا ماجد کازم ئاماژە بەوە دەکات کە هەر لە منداڵییەوە گرنگی بە بواری هونەری موزیک داوە و ڕایگەیاند کە هانی قوتابییەکانی دەدات ئەوانیش گرنگی پێ بدەن، چونکە ئامرازێکە کە دەتواندرێت لە پێناو ئاشتییدا بەکار بهێندرێت.
ماجد کازم تیشکی خستە سەر ئەوەی، ئەو ڕووداوە خوێناویانەی کە لە وڵاتەکەی ڕوویانداوە زۆر خەمباری کردووە و هەر ئەوەیش وای لێکردووە ئەو کارە بکات و گوتی: "بەو کارەم هەوڵمداوە بیستنی دەنگی فیشەک لە چەکەوە، بگۆڕم بۆ بیستنی ئاوازی موزیک".